# ئازادیی بوون لە ڕوانگەی بوونخوازیی سارتەرەوە

# لە شیعری بەکر عەلیدا

ئاسۆس ساڵح مەحموود

**ئەم توێژینەوەیە لە ٢٠١٩، بە سەرپەرشتی م. هەندرێن، وەك بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس نووسراوە.**

## پێشەکیی

بوونخوازیی، یەکێکە لە ڕێبازە هزریی و فەلسەفییەکان، کە کار لەسەر بوونی مرۆڤ دەکات. بوونی مرۆڤ بەر لە جەوهەر دادەنێت، هەوڵدەدات بوونایەتیی مرۆڤ دەربخات.
بوونخوازیی، لە سەتەی ١٩ لە سەر دەستی کیرکگارد و نیتشە هاتەکایەوە، وەک ڕێبازێکی فەلسەفیی، دواتر لەلایەن سارتەر جگە لە فەلسەفە، لە ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبییشدا بەکارهاتووە. بەبڕوای ئەو، مرۆڤ مەحکوومە بە ئازادیی و دەبێ ئازادانە بژێت. کرۆکی فەلسەفەکەی سارتەریش ئازادییە، فەلسەفەکەشی لە ناو ئەدەبدا ڕەنگیداوەتەوە، بۆ شیکردنەوە و تێڕامان لە دەقی ئەدەبییدا. ئێمەش ئامانجمانە دەقە شیعرییەکانی بەکر عەلی لەم ڕوانگەیەوە شیبکەینەوە. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم تێگەیشتنەدا

ناونیشـانی توێژیەنەوەکەمـان لـە ژێـر نـاوی ئازادیـی بـوون لـە ڕوانگـەی بوونخوازیی سارتەرەوە، لـە شـیعری بەکر عەلیدا تەرخان کـردووە. توێژینەوەکـە بەگشـتیی لـە دوو بـەش پێکهاتـووە.

لـە بەشـی یەکەمـدا، هەوڵمانـداوە تیۆرەکـە بخەینـەڕوو، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش هەریـەک لـە بابەتەکانـی بوونخوازیـی چییـە؟ تایبەتمەندییەکانی بوونخوازیی، بوونخوازیی لای ژان پۆڵ سـارتەر، ئەدەبی بوونخوازیی و ئازادیی لەلای ژان پۆڵ سـارتەر، بوونخوازیی لـە ئەدەبـی کوردییـدا خراوەتـەڕوو.

لـە بەشـی دووەمـدا، لایەنـی کارەکیی (پراکتیکیی) توێژینەوەکەیـە. کـە پێکهاتـووە لـە تێگەکانـی ڕەنگدانـەوەی ئازادیـی، ئازادیـی هەڵبـژاردن، ئازادیی بڕیاردان، ئازادیی خۆشەویستیی، ئەخلاق و بەرپرسیاریەتیی هەوڵمانداوە ئـەوە بخەینەڕوو، کـە چۆن ئـەم تێگەیانـە لـە شیعرەکانی بەکر عەلیدا دەرکەوتوون.

هـۆی هەڵبژاردنـی بابەتەکـە: بەکارهێنانـی مێتـۆدی ڕەخنـەی بوونخوزایـی لـە ئەدەبـی کوردییـدا و بەتایبـەت لـە توێژینـەوەی بەکالۆریۆسـدا بەکارنەهاتـووە، بەپێویسـتمان زانـی ئـەم تیـۆرە بەکاربهێنیـن لـە توێژینەوەکـەدا، بـۆ پراکتیزەکردنـی لـە شـیعرەکانی بەکـر عەلـی دا.

مێتـۆد: ئـەم توێژینەوەیـە پێـڕەوی مێتـۆدی وەسفیی–شـیکاریی کردووە، کە لەسـەر بنەمای دەقەکە کاردەکات و شـیدەکاتەوە، دەقەکە دەکات بـە بنەمـای بەڵگـە. لـە بەشـی یەکەمـدا مێتـۆدی وەسـفییمان گرتووەتەبـەر، بـۆ ئـەوەی بـە شـێوەیەکی زانسـتییانە لایەنـی تیـۆری توێژینەوەکەمـان بخەینـەڕوو. لـە بەشـی دووەمـدا بـۆ مەبەسـتی دیاریکردن و دەرخسـتنی تێگەکانی ئازادیی لـە ڕوانگـەی سـارتەرەوە لـە شـیعرەکانی بەکـر عەلیـدا، مێتـۆدی شـیکارییمان بەکارهێنـاوە.

گرینگی توێژینەوەکە:

١_ ویستوومانە لـە شـیعرەکانی بەکر عەلیدا شـیکارێکی بوونخوازانە بەکاربهێنیـن، لەگـەڵ ئەوەشـدا، ڕوانگـەی سـارتەرمان لەمـەڕ پرسـی ئازادیی بەکارهێنـاوە، بـۆ ئـەوەی چۆنیەتـی دەرکەوتنـی ئازادیـی لـە شـیعرەکانی بەکـر عەلـی بخەینـەڕوو.

٢_ بوونخوازیی لە ئەدەبی کوردییدا کاری لەسەر نەکراوە و تەنیا لە تیۆردا ماوەتەوە، ئەم تیۆژینەوەیەمان بەگرینگ زانی، تاوەکو شیعرەکانی بەکر عەلی لە ڕوانگەی بوونخوازیی سارتەرەوە تیشک بخەینە سەر ئازادیی بوون و شیکاریی بۆ بکەین.
لەناو ئەدەب و وەرگێڕانی کوردییدا بۆ تێگەی Existentialism چەند زاراوەیەک بەکارهاتووە، وەک: بوونخوازیی، بوونگەرایی، بوونایەتیی، بوونگەریی، وجودییەت. لەم توێژینەوەیەدا بوونخوازیی بەکارهاتووە، لەبەر ئەوەی لە زاراوەکانیتر کوردیتر و گونجاوترە. چونکە بوونگەراییی کە پاشگری گەرایی پێوەیە، پاشگرێکی فارسییە. لە بەشک لەو شوێنانەی دەقەکان بەشێوەی دەقاودەق وەرگیراوە، بوونگەرایی بەکارهاتووە، وەک ئەرکێکی زانستیی ناتوانین دەستکاریی دەقەکە بکەین و بیگۆڕین، تەنانەت ئەگەر ڕەنووسەکەشی هەڵەبێت.

**بوونخوازیی چییە؟**
بوونخوازیی (Existentialism)، سەرەکیترین هزری فەلسەفیی سەتەی بیستەمە، کە کار دەکات بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی هزریی بۆ شیکردنەوەی بوون و بوونایەتیی مرۆیی لە جیهاندا. ڤێرنەر ئێبەرڤاین لە پێناسەکردنی بوونخوازییدا دەڵێت: «قوتابخانەییەکی فەلسەفی، یان دونیا بینینێکی تایبەت، یاخود دەتوانین بڵێین شێوازێکی تایبەتی ژیان کردنە. ئەم فەلسەفەیەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە مانای ‹بوون- ئێکستیزتیریت›ی مرۆڤێک دەردەخات، کە مرۆڤ ژیانی خۆی بەشێوەیەکی ئەکتیڤانە دابڕێژێت، بەجیاواز لەوەی ژیانی تەنیا وەکو شتێک یان ئۆبێکتێک دابڕێژێت.» (جۆرج لۆکاچ و ئەوانیتر، ٢٠١٨: ل١٠) فەلسەفەی ئێگزیستانتیالیزم، بوون بەر لە جەوهەر دادەنێت، واتا لەپێشبوونی بوونی من وەک بکەرێکی بەئاگا، بە تێپەڕین لە جەوهەر و ناوەڕۆکێک، کە بەمن دراوە. هەروەها ئەم فەلسەفەیە جەخت دەکاتەوە لەسەر دۆزینەوەی خودیەتیی و ماناداریی ژیانی خود لەڕێگەی سەربەستیی تاک، هەڵبژاردن و بەرپرسیاریەتیی لە بوون. هەوڵی ئەوە دەدات مانای بوونی مرۆڤ

دەربخات، چونکە لێرەدا مرۆڤ تەنیا بوونێکی بەرجەستەی هەیە، هەر بۆیە هەوڵدەدات لە ڕێگەی بوون و جەوهەری خۆیەوە مانا بەژیان بدات.
ئەم ڕەوتە لە کۆتاییی سەتەی نۆزدە دەرکەوت، بە بەرهەمەکانی کیرکگارد و نیتشە، دواتر لە سەتەی بیستەم گرینگیی زۆری پێدرا لەلایان هەریەک لە هایدێگەر، سارتەر و سیمۆن دی بوڤار. فەلسەفەی بوونخوازیی لە نێو تاریکیی هەردووک شەڕی یەکەمی جیهانیی (١٩١٤-١٩١٨) و دووەمی جیهانیی (١٩٣٩-١٩٤٥) وەک ڕووناکیی و هیوا بەخشێک بڵاوبووەوە، سەرەتا لە ئەڵمانیا و فەرەنسا گەشەی سەند، دواتر هەموو ئەورووپا و جیهانی گرتەوە، بەماوەیەکی کەم و بەشێوەیەکی بەرچاو بڵاوبووەوە.
کیرکگارد (Suren Kierkegaard) (١٨١٣-١٨٥٥) لە ژیانی خۆیدا گەلێک ناڕەحەتی دیوە، هەر ئەم ناخۆشیانە ڕەنگدانەوەی بەسەر بیر و تێڕامانە فەلسەفییەکەی داناوە. ئەم بیرمەندە پێی وایە، کە ژیان بێهوودە و پووچە، لەم بارەیە دەڵێت: «من پەنجەم دەخەمە ناو بوونەوە، بۆنی پووچی لێدێت. من لە کوێم؟ ئەو شتەی بەجیهان ناوی دەبەن چییە؟ کێ منی خستووەتە ئەم داوەوە و ئێستا منی پشگوێ خستووە؟ من کێم؟ چۆن هاتمە دونیاوە؟ بۆچی ڕاوێژم لەگەڵ نەکرا؟» (ت. ز. لاڤین، ٢٠١٧، ل٤٨٩)، لە ڕوانگەی ئەوەوە ژیانی مرۆڤ بۆشادیی دانەڕێژراوە، هەموو هەوڵ و تەقەلای بۆ ئەوەیە لە نائومێدیی و دڵەخورپە نەجاتی ببێت، بگاتە شادیی و دڵخۆشیی. مرۆڤ بەهۆی نیگەرانیی و نائومێدییەوە ڕەنج دەکێشێت. ئەمە دۆخی گشت مرۆڤایەتییە. کیرکگارد، بنەما و بنچینەکانی فەلسەفەی بوونخوازیی دادەنێت و مرۆڤ دەکاتە چەق. بەبڕوای ئەو «مرۆڤ وەک سوبێکتێکی تاک، سەنتەری لێکۆڵینەوەیە؛ بارودۆخە بوونگەراییە گەورەکانیشی، وەکو مەرگ و گوناح و نیگەرانی و ترس و شتی لەم بابەتە، پێکهێنەرە جەوهەرییەکانی بوونەکەین، ئازادی و بەرپرسیاریەتی و هەڵبژاردن مانا گەورەکانن لە ژیاندا.» (جۆرج لۆکاچ و ئەوانیتر، ٢٠١٨: ل٣٤-٣٥).
هەر لە هەمان سەتەدا فەیلەسووفی یاخیی فریدریک نیتشە

(Friedrich Wilhelm Nietzsche) (١٨٤٤-١٩٠٠) دەرەکەوێت، پێشبینیی ئەوە دەکات، کە مۆدێرنیتە جیهان بەرەو وێرانیی دەبات، هەر بۆیە نیتشە بۆ دەربازبوون لەم دۆخە داوای مرۆڤی باڵای کرد. لە کتێبی (ئاوا ئاخافت زەردەشت)دا دەڵێت: «خودا مرد» بەمەش نیتشە مەرگی خودای بە گوێی مرۆڤی مۆدێرندا چرپاند. ئەمە یەکێکە لەو دەربڕینانەی نیتشە، کە کاردانەوەی زۆری هەبوو و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، مەرگی خوداوەند بە مانایەک لە ماناکان مرۆڤ ئازاد دەکات، بەڵام بەمانایەکی تر، گوزارشتە لە لایەنی ڕەشبینیی لە فەلسەفەکەی نیتشەدا و دەمانباتە ناو چاخی نیهیلیزمەوە. نیتشە «مەبەستی ئەوە بوو کە لە ئێستادا لە جیهانێکدا دەژی کە دوورە لە ڕووحی ‹سیستەمی ڕەها›وە. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستە مرۆڤ خۆی وەک سوبێکتێکی ئازاد ببینێت و خاوەنی هەست و بەهای خۆی بێت و لەمەولاشەوە دەبێت تەنیا پشت بەخۆی ببەستێت.» (جۆرج لۆکاچ و ئەوانیتر، ٢٠١٨: ل١٢) ئیدی خودی مرۆڤ سەنتەری بیرکردنەوەیە. لە ناو ئەو هەموو پووچیی و بێهوودەی بووندا، نیتشە مرۆڤی باڵا دێنێتە بوون، کە پێی وایە پێویستە قۆناغی مرۆڤی ئاساییی ببڕدرێت و مرۆڤی باڵا جێگەی بگرێتەوە تا مانا بەژیان بدات و بتوانێت لە ڕەشبینیی نەجاتی ببێت، بتوانێت دیوارەکانی بەردەمی بڕووخێنێت. «گرینگترین تایبەتمەندی (مرۆڤی باڵا)ش ئەوەیە، کە بەردەوام بڵندبێت بەسەر خۆیدا. خودی خۆی تێبپەڕێنێت و بەجۆرێک باڵا ببێت بەسەریدا، کە سنوورێکی دیارییکراو نییە لە پەرەسەندنە ڕووحییەکەیدا تێیدا ڕابووەستێت» (فوئاد کامیل عەبدولعەزیز، ٢٠٠٥: ل٦٢) مرۆڤی باڵای نیتشە هەمیشە لە نوێبوونەوە دایە و ناوەستێت، بەجۆرێک مرۆڤێکی باڵاتر و مەزنتری لێدروست دەبێت. دوا بەدوای ئەمە لە سەتەی بیستەمدا فەلسەفەی بوونخوازیی ڕێڕەوی خۆی دەگرێت و بەشێوەیەکی بەرچاو بڵاو دەبێتەوە و دەبێتە گرینگترین بیری فەلسەفیی ئەم سەتەیە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە لەلایان چەن بیرمەند و فەیلەسووفێک گرینگیی پێدەدرێ و بیری فەلسەفیی خۆیان لەسەر هەڵدەچنن. مۆدێرنیتە بە هەموو

پێشکەوتنە تەکنەلۆژیەکەی و پەرەسەندنی بەرچاوی پیشەسازییە کێشە و قەیران، شەڕ و ئاڵۆزیەکانیەوە، مرۆڤی دوچاری بارودۆخێکی ئاڵۆز کرد، هەر بۆیە فەلسەفەی بوونخوازیی، وەک پێویستییەک بوو بۆ مرۆڤ و دۆزینەوەی خود لەناو ئەو گێژاوەدا.
مارتن هایدێگەر (Martin Heidegger) (١٨٨٩-١٩٧٨)، یەکێکە لە دیارترین فەیلەسووفەکانی سەتەی بیستەم و بوونخوازیی. مرۆڤ وەک بوونێک لە ناو هەبووندا تاکە بوونەوەرە بیر لە بوون بکاتەوە و بیەوێت بگات بە وەڵامی ڕوون بۆ بوون، ئەوەی مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە ئەقڵ و هەستی هەیە، توانای تێڕامان، بیرکردنەوە و پرسیارکردنی هەیە. «هایدێگەر بڕوای وایە کە دەکرێت مرۆڤ بەدوو شێوە جیاواز بوونی خۆی گووزەران بکات و بژی، ئەو دوو شێوەیەش ئەمانەن: یان ئەوەتا بوونێکی بێزراوی بێمانای دوور لە نیگەرانی بژی؛ یان ئەوەتا بوونێکی ڕەسەن و ڕاستەقینەی پڕ لە نیگەرانی بژی. واتا بوونێک کە تییدا بتوانێت جەخت لە خودی بکات و ببێت بەخودی خۆی.» (هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل٧٣-٧٤) مرۆڤ بەشێوە باوەکەی لە ژێر چەند بنەما، یاسا و سیستێمێکی دیاریکراو دەژێت، وەک دابونەریت، سیستێمی کۆمەڵایەتیی، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەو جۆرە ژیانە باوەی زۆر لە خەڵکی دەیکات، بەم جۆرە مرۆڤ ناتوانێت سەرقاڵی نیگەرانیی داهاتووی بوونی خۆی بێت. ئەم جۆری ژینە، وادەکات تاکەکان خاوەنی خودیەتیی خۆیان نەبن. واتە یەکێک دەتوانێت جێگەی ئەوی تر بگرێتەوە، ئەویش دەتوانێت جێگەی ئەویتر بگرێتەوە. بەم شێوەیە مرۆڤ ملکەچی کۆمەڵێک ڕەفتارە و بەبێئاگاییی ئاڕاستە دەکرێت. هەر بۆیە نیگەرانیی وادەکات مرۆڤێکی جیاواز دروست بکات و خودیەتی خۆی بدۆزێتەوە، لە ئەوانیتر نەچێت، هەروەها تایبەتمەندیی و مەبدەئی بۆ ژینی خۆی هەبێت.
هەر لە سەتەی بیستەمدا ژان پۆڵ سارتەر (Jean Paul Sartre) (١٩٠٥-١٩٨٠)، وەک کاریگەرترین فەیلەسووفی بوونخواز دەرکەوت. «کەم بیریار وەک سارتەر توانیویەتی بیروباوڕەکانی

خـۆی سـەرکەوتوانە لـە فەلسـەفی و وێژەییدا دەربـبڕێت و لـە هـەردوو شـێوازەکەدا بەرهەمـی شـاکاری هەبێـت.» (د. محەمـەد کەمـال: ل٨) فەلسـەفەی سـارتەر لەسـەر ئازادیـی بـوون بوونیـاد نـراوە، پێـی وایـە بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ خاوەنـی خـودی خـۆی بێت دەبێت ئازاد بێت، لەژێر کاریگەریی ئەوانیتر نەبێت. ئازاد بێت لـە هەڵبژاردنەکانـی و چۆنیەتـی ژینـی خـۆی. مـرۆڤ بـە ویسـتی خـۆی نەهاتووەتـە بوونـەوە، مەحکووم کـراوە بـە ژیـان، هەربۆیـە سـارتەر دەڵێت: مـرۆڤ مەحکوومـە بـە ئازادیی. جگـە لـە ئازادیـی، هەڵبژاردن گرینگـی زۆری پێـدراوە لـە لایـەن سـارتەرەوە، مـادام هاتنەبوونـی مـرۆڤ بەدەسـت خـۆی نییـە، دەبێـت خـۆی ئازادانـە هەڵبژاردەکانـی خـۆی هەڵبژێرێـت. جەختکردنـەوەی سـارتەر لەسـەر ئازادیـی لـە ئەدەبیشـدا ڕەنگـی داوەتـەوە و جەخـت دەکاتـەوە لەسـەر ئـەوەی، کە دەبێـت کارێکتـەرەکان و پاڵەوانەکانـی نـاو دەقـە ئەدەبییـەکان ئـازاد بـن و مەحکـووم نەکرێـن بـە چەنـد شـتێکی پێشـوەختە. بەتێڕوانینـی سـارتەر «کەسـایەتییەکان لەنێـو ڕۆمانـدا سـەرەوەختێک دەکرێـت و دەشـێت سـەرکەوتووبن و دەتوانـن بژیـن و ڕاسـتەقینە بـن ئەگـەر کەسـایەتیگەلێکی (ئازاد)بـن، ئەگـەر خاوەنـی ئـەو ئازادییـە ببـن کـە، مرۆڤـەکان، ئـەو مرۆڤانـەی کـە لـە نێـو ئـەو جیهانـەدا هـەن کـە تیایـدا دەژیـن، هەیانـە. دەنـا کەسـایەتییە دروسـتکراوەکان نـە سـەرنجڕاکێش دەبـن و نـە قایلکـەر.» (مۆریـس کرانسـتۆ، ٢٠٠٨: ل٤٨-٤٩) دەبێـت کارێکتـەرەکان لەنـاو واقیعـی ڕووداوەکانـدا گەشـە بکـەن و بـەردەوام بـن. سـارتەر لـە ئەدەبـدا گرینگیـی بـە ئەندێشـەدا، ئـەو بابەتانـەی لـە ئەندێشـەدا هـەن لـە واقیعدا نیینـە و لـەم ڕێگەیـەوە نووسـەر دەتوانێت شـتی نـوێ دابهێنێـت، لـە ئەندێشـەی خۆیـدا دەگات بـە بابەتگەلێـک، کـە لـە واقیعـدا نیـن. سـارتەر پێـی وایـە، کـە «نووسـەر و هونەرمەنـد داهێنـەرن و بابەتـی بیرکردنـەوەی (ئەندێشـە)یان لـە واقیعـدا نییـە، ئەگـەر نووسـەرێک هێنـدە ڕیالیسـت بێـت و وێنەیەکـی کتومتـی واقیعمـان بـۆ بخاتـەڕوو، ئـەوە بەرهەمەکـەی لـە داهێنانـەوە دوورە و کۆپییەکـی ڕاسـتەوخۆی واقیعـە.» (مەقداد حەمـە سـاڵح، ٢٠١٣: ل٧٧) داهێنـان ئەوەیـە، کـە شـتێک لـە نەبوونـەوە بهێنێتـە بـوون یـان پـەی

بەشتێک ببەیت کە پێشتر کەس پەی پێنەبردوە، واتە پەیداکردنی بوونە لەناو جەرگەی نەبووندا. سارتەر لەساڵی ١٩٦٤ خەڵاتی نۆبڵی پێدەدرێت بەڵام ئامادە نابێت وەریبگرێت.
فەلسەفەی بوونخوازیی، فەلسەفاندنەکەی لە مرۆڤەوە دەستپێدەکات نەوەک لە سروشتەوە، فەلسەفەی خودە، نەوەک فەلسەفەی بابەت. هەروەها ئەو بابەتانەی لەلای هەموو فەیلەسووفە بوونخوازەکان جێی بایەخن و قسەیان لەسەر کردووە، بابەتگەلێکی وەک ئەمانەن: «ئازادیی، هەڵبژاردن و بڕیاردان، هەستکردن بە بەرپرسیاریەتیی. ئەم بابەتانەش گەوهەری بوونی تاکەکەس پێکدێنن لەبەرئەوەی ئەوەی مرۆڤ لە هەموو بوونەوەرەکانی تری سەر زەوی جیادەکاتەوە کردەوەی ئازادیی و توانای پێکەوەنانی ئایندەیەتی و لە ڕێی بڕیاری ئازادانە و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتییەوەیە کە مرۆڤ خودی ڕاستەقینەی خۆی دەخوڵقێنێت.» (جۆن ماکواری، ٢٠٠٧: ل٢٣) لەم فەلسەفەیەدا مرۆڤ دەبێت بەپێی بارودۆخ بڕیار بدات و هەڵبژاردن بکات، نەوەک بە کۆمەڵێک پێوەری، تێگەیشتنی پێشوەختە و پێشتر بڕیار لەسەردراو. «تایبەتترین خاسڵەتەکانی ئەم سوبێکتە تاکە کەسە چییە؟ هەڵبژاردنی نێوان ئەو ئمکانیاتەیە کە هەیەتی و دەتوانین وەدیان بهێنیت [ڕیالیزەیان بکات]. بەڵام هەڵبژاردن پێویستی بەئازادییە، لەهەر شوێنێک ئازادی نەبێت هەڵبژاردنیش نییە، هەڵبژاردنیش بەزەرورەت بەرپرسیارییەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بەڵام بۆچی مرۆڤ پێویستی بە هەڵبژاردنە؟ چونکە پێویستە کردە بنوێنێت، کردە مانای بوونە. بەبێ ئەمە تاکەکەس بوونی نییە.» (جۆرج لۆکاچ و ئەوانیتر، ٢٠١٨: ل٣٣) فەلسەفەی بوونخوازیی توانی ئاهێک بەبەر مرۆڤ دابهێنێتەوە و وەک ئومێدێک لێی بڕوانێت لەناو ئەو هەموو پووچیی، بێهوودەیییەی ژیان و بارودۆخی ئەوسای ئەورووپا و جیهان، بەتایبەت دوای قۆناغی مۆدێرنیتە و هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانیی، کە جیهانی تووشی قەیرانێکی مرۆڤانەی گەورە کردبوو. هەر بۆیە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا و توانی جێگەی خۆی بکاتەوە، ئەمە وایکرد ببێتە سەرەکیترین هزری فەلسەفیی سەتەی بیستەم.

**تایبەتمەندییەکانی بوونخوازیی**

١_ فەلسەفەی بوونخوازیی گرینگیی بە ناوەڕۆکی مرۆڤ دەدات، بە جۆرێک دەستپێکردنە لە ناخی مرۆڤ، چونکە ئەو سەنتەری بیرکردنەوە، هەست و ویژدانە.

٢_ بوونخوازیی مرۆڤ دەکاتە سەنتەری لێکۆڵینەوەکانی و «ئەم شێوازی فەلسەفاندنە لە مرۆڤەوە دەستپێدەکات، نەک لە سروشتەوە.» (جۆن ماکوای، ٢٠٠٧: ل٢٠)

٣_ بوونخوازیی بوونیادی فەلسەفەکەی لەسەر خودە، نەک فەلسەفەی بابەت. خود بکەرێکی بەئاگایە، کردەوە ئەنجام دەدات و ناوەندی هەست و ویژدانە.

٤_ ئازادیی لە گرینگترین بەنەماکانی بوونخوازییە و جەختی زۆری لەسەر کراوەتەوە. مرۆڤایەتی بەبێ ئازادیی، ماهییەتی نییە.

٥_ لەلای بوونخوازەکان بوونی مرۆڤ بەر لە ماهییەتە، بە جۆرێک سارتەر دەڵێت: بوونی مرۆڤ پێش ماهیەتی دەکەوێت.

٦_ ڕێبازی بوونخوازیی خۆی لە ڕابردوو دادەماڵێت، چونکە گرینگیی بە ئێستا دەدات. هەموو ئەو پێشینەیانەش ڕەتدەکاتەوە، کە کاریگەریی بەسەر بڕیاردان و هەڵبژاردنی تاکەکەسەوە هەیە، چونکە پێی وایە دەبێت تاکەکەس ئازاد بێت و لە ژێر کاریگەریی ئەوانیترەوە نەبێت.

٧_ ئەم فەلسەفییە ئەم بابەتانەی لەخۆ گرتووە: «ئازادیی، هەڵبژاردن و بڕیاردان، بەرپرسیاریەتیی. ئەم بابەتانەش گەوهەری بوونی تاکەکەس پێکدەهێنن.» (جۆن ماکواری، ٢٠٠٧: ل٢٣) مرۆڤ تاکە بوونەوەرە دەتوانێت لە ڕێگەی ئازادیی بڕیاردان و هەڵبژاردنەوە گەوهەری خۆی و داهاتووی دیاریی بکات.

**بوونخوازیی لەلای ژان پۆڵ سارتەر**

سارتەر بەهۆی نووسین و هەڵوێستەکانیەوە، ببووە فەیلەسووفێکی خۆشەویست لە سەردەمی خۆیدا، کارەکانی لەنێو ڕۆشنبیران، خوێندکاران، شۆڕشگێڕان و خەڵکی ئاسایی ناسراو بوو، تەواوی دنیا ئاشنایەتییان لەگەڵ سارتەر پەیدا کرد. سارتەر لە کاتێک بووە

زمانحاڵی بوونخوازیی، کە ئەورووپا لە بارودۆخێکی ناسەقامگیردا بوو، بێومێدیی، ڕەشبینیی، داگیرکاریی و شەڕ ...تاد ئەورووپا و جیهانی تەنی بوو.
ئەوە بابەتانەی سارتەر لە فەلسەفە بوونخوازییەکەی گرینگی پێداوە ئەمانەن: ئازادیی، هەڵبژاردن، بڕیاردان، ئەخلاق، بەرپرسیاریەتیی ...تاد. کرۆکی فەلسەفەکەی سارتەر ئازادییە، دەبێ تاک ئازادیی خۆی بەدەستبێنێت، تا بتوانێ بە ئازادانە بریاربدات و هەڵبژاردن بکات، هەروەها نابێت لەژێر کاریگەریی ئەوانیتردا بێت.
ئازادیی لە ڕوانگەی سارتەرەوە:
بوونخوازەکان باوەڕیان وایە، کە بوون لەپێش جەوهەرە، واتە هەموو مرۆڤێک بەر لە هەرشتێک هەیە. سارتەریش وەک بوونخوازێک «لەو خاڵەوە دەست پێ دەکات کە بڕوای وایە (بوون) دەکەوێتە پێش (ماهییەت)ەوە. واتە لە پێشدا مرۆڤ دێتە جیهانەوە؛ پاشان لە ڕێی کارەکان و هەڵبژاردنەکانیەوە (ماهیەت)ی خۆی پێک دێنێت. واتە بەبڕوای سارتەر، پێشتر ماهیەتێک نییە بەسەر بوونی مرۆڤدا سەپێندرا بێت.» (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠١٦: ل١٣) هەرچەندە مرۆڤ بە هەڵبژاردن و ئازادانەی خۆی نەهاتووەتە بوونەوە، بەڵام لەم ژیانەدا مرۆڤ ناچارە بەوەی ئازاد بێت. دواجار هەر لە ڕێگەی ئازادیی، هەڵبژاردن، بڕیاردان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانیتردا ناسنامە و ماهیەت بۆ بوونی خۆی دادەنێت.

**هەڵبژاردن و بڕیاردان:**

لە گرینگترین و سەرەکیترین بنەماکانی فەلسەفەی بوونخوازیی سارتەرن، «هەڵبژاردن کرۆکی فەلسەفەی سارتەرە، بەپێی بۆچوونی ئەو، هەڵبژاردنی ئازاد بەپێی هیچ ڕاستیەکی هەبوو (Existent) بڕیار نادرێت، چونکە کردەیەکە ئاڕاستەی بۆشایی کراوە، ئەویش ئەو داهاتووەیە کە بوونی نییە.» (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠١٦: ل٥٧) کاتێک مرۆڤ هەڵبژاردن دەکات، نابێت بکەوێتە ژێر کاریگەریی بڕیاری پێشوەختە و چەند بیروباوڕێک، کە پێشوتر لە هزریدا جێگیر بوون. «نەگبەتی گەورە لەوەدایە،

کەسانێک هەبن (ئەوانیتر)، کە هەڵگری پاشخانێک بن لە بیر و بۆچوونی سەلەفییانە یان کۆمەڵێک لە ئەحکامی پێشینە، وەک ئەوەی ئەمە چاکە و ئەمە خراپە، یاخود ئەمە ڕێگە پێدراوە ئەمە ڕێگە پێنەدراوە، هەڵبەتە لە کاتێکی ئاواشدا (ئەوانیتر) ئەتوانن ژیانی ئەو تاکەکەسە بگۆڕن بۆ (دۆزەخێکی ڕاستەقینە)» (ڕەمەزان سەباع: ٢٠٠٨؛ ل٩٧) چونکە بڕیاردانی هەڵبژاردنێک دەبێتە بەرپرسیاریەتیی لە بەرانبەر خودی مرۆڤەکە و ئەوانەی لە دەوروبەریدان، تەنانەت بۆ گشت مرۆڤایەتییش. هەڵبژاردن، واتە پێدانی ماهییەت بەو شتەی هەڵی دەبژێریت و بڕیار لەسەر باشیی و خراپیی دەدەیت. هەربۆیە سارتەر جەخت لەسەر ئازادیی مرۆڤ دەکاتەوە، دەبێت بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە هەڵبژاردن و بڕیار بدات، نەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەوانیتر.

**ئەخلاق و بەرپرسیاریی:**

ئەو دوو تێگەیەن، کە گرینگییەکی زۆریان هەیە لە فەلسەفە بوونخوازییەکەی سارتەردا، لە ڕوانگەی سارتەرەوە مرۆڤ بەرپرسیارە بەرانبەر ئەو کارانەی دەیکات، هەروەها ئەو بژاردە ئەخلاقیانەشی، کە دەیکات. بەپێی بڕوای سارتەر باشترین هەڵبژاردنی ئەخلاقیی ئەوەیە، کە «من لە ڕووی ئەخلاقییەوە کاتێک کردارێک ئەنجام دەدەم تێکڕای خۆفریودانەکان وەلاوە دەنێم و بژاردەی ئەخلاقیم بە پەسندکردنی ئەوەی لە هەڵبژاردن و هەڵگرتنی بەرپرسیاریی ئەوەی هەڵیدەبژێرم، بوونی بە ئاگای ئازادی منە.» (ت. ز. لاڤین، ٢٠١٧: ل٥٦٣) هەر چەندە سارتەر ئەمە ڕەت دەکاتەوە، کە هیچ بنەما و ئایدیالێکی گشتیی دابندرێت بۆ ئەخلاق، لەگەڵ ئەمەشدا نییە. لە ڕوانگەی ئەوەوە دەبێت مرۆڤ ئازاد بێت لەو کردە ئەخلاقییانەی هەڵیدەبژێرێت، سارتەر بڕوای بە هیچ بنەما و ئایدیالێکی گشتیی نەبوو بۆ ئەخلاق. بڕیاردان و ئەخلاقییبوونی بڕیارەکان لەلای سارتەر گرینگە و هەوڵدەدات بیگشتێنێت، چونکە بڕیاردان لە هەڵبژاردنی کردەیەکی ئەخلاقییدا بەرپرسیاریەتیی تاکە، لە ئاکامدا کاریگەریی دەبێت لەسەر کۆی

کۆمەڵگە. هەر لەم ڕوانگەیەوە «سارتەر تەڵزگەی ئەخلاقیی مرۆڤ بەتەڵزگەی ئەو سەرکردەیە بەراورد دەکات کە پێویستە لەسەر بڕیارگەلێک بدات کە ژیان و مەرگی خەڵکانێکی زۆریان پێوە بەندە.» (مۆریس کرانستۆن، ٢٠٠٨: ل١٤٣) مرۆڤ هەمیشە لە بەرپرسیاریەتییەکی گەورە دایە، دواجار بەپرسیاریەتیی تاک، بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵگەیە.

**ئازادیی خۆشەویستیی:**

لای سارتەر، هاتنە بوونی مرۆڤ بەدەستی خۆی نییە، واتا ئازادانە و بەویستی خۆی نەهاتووەتە ئەم دنیایە، بۆ سەلماندنی بوونی خۆی پێویسە ئازاد بێت. سارتەر هەمان تێڕوانیی ئازادانەی بۆ خۆشەویستی هەیە و لەبارەی خۆشەویستییەوە دەڵێت: «عەشق شتێکە کە هەرگیز نابێتە واقعیەت، بۆ من خۆشەویستی ئێوە شتێک نییە جگە لەوەی کە ئێوە ناچاربکەم خۆشمتان بووێ و پێچەوانەی ئەم مەسەلەیەش هەر ڕاستە.» (میهرداد میهرین، ٢٠٠٩: ل٤٠٧) سارتەر بیر و تێڕوانینی خۆی لەبارەی خۆشەویستیی دەخاتە ڕوو و پێی وایە خۆشەویستیی، ئازادیی لە مرۆڤ دەستێنێ و دەبێ لە خۆشەویستییشدا ئازادیی هەبێت. «بە وتەی سارتەر لەعەشقدا وەک تێکڕای پێوەندییە مرۆییەکانی تر، ئامانجی ئێمە بەکۆیلەکردن یان بوونە کۆیلەی ئەویترە، لە پێگەی ماسۆشی و سادیدا» (ی. ز لاڤین، ٢٠١٧: ل٥٨٤) سارتەر تیشک دەخاتە سەر مەترسیی خۆشەویستیی، کاتێک کە من ئازادیی ئەویتر لەناو دەبەم و ئەویتر ئازادیی من لەناو دەبات، یەکەمیان سادیزم ‹چێژ لە ئازاردانی ئەویتر› و دووەمیان ماسۆشیزم ‹چێژ لە خۆئازاردان› وەردەگرم، واتا خۆشەویستیی لەبەردەم دوو جۆردایە، یان خۆشەویستییەکە بەشێوەی ماسۆشیستییانە دەبێت، یان بەشێوەی سادیستییانە دەبێت. لە حاڵەتی ماسۆشیستییدا دڵدار هەوڵدەدات هەموو شتێک بکات، خۆی ئازار بدات و بەرگەی زۆر شت بگرێت بۆ خۆشەویستەکەی، لێرەدا دڵدارەکە ئازادیی خۆی لەدەست دەدات و خۆی نییە، بە ویست و بۆ نیگای ئەویتر کار

دەكات. خۆشەویستیی لە حاڵەتی سادیستییانەدا دڵدار بە شێوەی ئۆبێكت سەری دڵدارەكەی دەكات و كۆتوبەندی تێڕوانین و ویستی خۆی دەكات. بەمەش بەهەردوو باردا ئازادیی نامێنێت، لێرەدا تاكە چارەش ئازادییە، بۆیە خۆشەویستیی بەبێ ئازادیی ململانێیەكی ئازاربەخشە. ‹سارتەر ئەشق و ماسۆشیزم ئەخاتە یەك ڕیزەوە چونكە هەردووكیان ئەیانەوێ ئازادی ‹ئەویتر› بۆخۆیان ڕابكێشن، بنیاتی ئەشق و ماسۆشیزم لەسەر ئەوەیە ‹ئەویتر› زاڵبێت، بەڵام سادیزم ئازاردانی ‹ئەویتر›ـە، لە سادیزمدا ئامانج ئەوەنییە بەشێوەی شتێك و شتگەلێكی بێسوود كردنی ‹ئەویتر› بەڵكو وێناكردنی پەتی زاڵـە.› (میهرداد میهرین، ٢٠٠٩: ل٤٠٧) كەسی سادیست دەیەوێ ‹ئەویتر› لەژێر كۆنترۆڵ، بیركردنەوە و خواستی ئەو دابێت. لێرەدا پەیامی سارتەر ئەوەیە، كە خۆشەویستیی بەبێ ئازادیی نێوان خۆشەویست و خۆشویستراو، بەرەو ململانێ، ناكۆكیی، ناخۆشیی و نائازادیی دەڕوات، بەمەش خۆشەویستیی دەبێتە شتێكی ئازاربەخش، دەبێت لە خۆشەویستییدا ئازادیی ڕەنگبداتەوە بۆ ئەوەی خۆشەویستییەكی سەركەوتوو بێت. جێگەی ئاماژەیە سارتەر لەگەڵ خانمە فەیلەسووفی فەرەنسیی سیمۆن دی بوڤواردا پێوەندیی خۆشەویستیی بوونخوازییانەیان هەبوو و بە یەكەم دوو خۆشەویستی ئازادییخواز دادەندرێن.

ئەدەبی بوونخوازیی و ئازادیی لەلای ژان پۆڵ سارتەر

بەشێكی زۆری بیریارە بوونخوازەكان نووسەری ئەدەبیی بوون، سارتەر، كاریگەرییەكی یەكجار گەورەی هەبوو، لە دانان و بڵاوكرنەوەی بنەماكانی ئەدەبی بوونخوازیی. سەرەتا تێڕوانینەكانی خۆی لەمەڕ ئەدەبدا لە گۆڤاری سەردەمی نوێدا بڵاوكردەوە و دواتر كتێبی ڕەخنەیی «بۆدلێر» و «ئەدەب چییە؟»ی خستە بەر دیدی خوێنەران.

كتێبی «بۆدلێر» یەكەمین كتێبی ڕەخنەییی سارتەرە، لەم ڕێگەیەشەوە ڕەخنەی بوونخوازیی هێنایە ناو ئەدەبەوە. ئەم كتێبە بە یەكێك لە چاكترین لێكۆڵینەوەكانی سارتەر دادەندرێت.

مۆریس کرانستۆن لە کتێبی «سارتەر لەنێوان فەلسەفە و ئەدەبدا» لەسەر کتێبی ڕەخنەیی «بۆدلێر» دەڵێت: «سارتەر لەنێو لێکۆڵینەوەیەکیدا دەربارەی بۆدلێر کە لەساڵی ١٩٤٦ بڵاوکراوەتەوە ئەنجامگیریی ئەوە دەکات کە دەکرێت لە ڕێگەی سۆشیالیزمەوە مرۆڤ ڕزگار بێت، ئەم کتێبەش یەکێکە لە کتێبە زۆر باوەکانی ئەو سەردەمە کە تیایدا ڕەخنەی ئەدەبی، ئەگەرچی هەمیشە بەجۆرێکی دانایانەش نەبێت، ئازادانە وابەستەی دەرونشیکاریی دەبێت.» (مۆریس کرانستۆن، ٢٠٠٨: ل١٦٢) سارتەر لە ڕوانگەیەکی بوونناسییانەوە لە شیعرەکانی بۆدلێری ڕووانیوە و وابەستەی کردوون بە دەرونشیکارپییەوە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە شیعرەکانی شیکردوونەتەوە. خاڵی لێکچوو لە نێوان ژیانی هەردووکیاندا هەیە، بەتایبەت شیکردنەوەی دایکیان لە کاتێکدا هەردووکیان لە تەمەنی منداڵییدا بوون. لەدەستدانی دایکی لەلایەن بۆدلێرەوە تووشی تەنیاییەکی سەختی کرد، چونکە ئەو وەک خوداوەند لە دایکی دەڕوانی، ئەمە بۆدلێری خستە بەردەم ئەوەی، کە بڵێت بوونی ئەو لە ژیان بێمانایە. سارتەر لەسەر بێهودەییی بۆدلێر دەڵێت: «لێرەدا کە بۆدلێر هەست بەبێ سوودی یان بێهوودەیی ئاگایی خۆی دەبا دەبینین دەنەدەنەی خۆکوشتن بۆ ئەوەی زیاتر هۆکاریکە بۆ پاراستنی ژیانی تا کۆتایی هێنان پێی. بەڵام ئەگەر ئەو توانیویەتی هەزاران جار بیر لە خۆ کوشتن بکاتەوە، بۆ ئەوەی خۆی بە زیادی زانیوە» (ژان پۆڵ سارتەر، ٢٠٠٦: ل٢٥) سارتەر بۆ بەڵگەدارکردنی ئەمە پشت بە نامە ناودارەکەی بۆدلێر دەبەستێت، کە لە ساڵی ١٨٤٥ نووسیویەتی و سارتەر لە ڕوانگەی خۆیەوە شیدەکاتەوە، دەنووسێت:

«من خۆم دەکوژم چونکە کەڵکم بۆ کەسانیتر نییە
و بۆ خۆم مەترسیدارم

و نابێت هەست بکەن، کە ئەو خۆی بەبێسوود دەزانێت، چونکە گەنجێکی بۆرژوای بێکەڵکە، کە هێشتا لە بیستوچوار ساڵییدا بنەماڵەکەی بژێویی ئەو دابیەن دەکەن. بەتەواویی بەپێچەوانەوە: ئەگەر ئەو کارێکی هەڵەنەبژارد، ئەگەر سەرەتا بەبێدەنگی لە هەر

کارێک خۆی دوورخستۆتەوە لەبەر ئەوەیە بێ سوودبوونی بنچینەیی خۆی هەڵسەنگاندوە.» (ژان پۆڵ سارتەر، ٢٠٠٦: ل٢٥) بۆدلێر پابەندبوونی بە سۆشیالیزم ڕەتکردووەتەوە، سەرەتا بەبەهاگەلێکی بۆرژوازیی قایل بووە، دواتر بە سیاسەتی کۆنەپەرستانەی ئیمپراتۆرییەت ڕازیی بووە. هەر ئەمەشە وادەکات سارتەر ڕەخنەی لێبگرێت. فلیپ تودی لەم بارەیەوە دەڵێت: «سارتەر پێی باش بووە بۆدلێر نووسەرێکی زووی سۆشیالیستیی پلەسێ بووایە وەک لەوەی شاعیرێکیی پلەیەکی لیریکی بوو» (مۆریس کرانستۆن، ٢٠٠٨: ل١٦٧) لە ئەدەبی بوونخوازییدا جەخت لەوە کراوەتەوە، کە نووسەر لەم سەردەمەی تێیدا دەژێت، خاوەنی بەرپرسیاریەتییە و دەبێ هەڵوێستی هەبێت بەرانبەر کۆمەڵگەکەی و مرۆڤایەتیی بەگشتیی، هەر وشەیەکیش کاریگەریی و دەنگدانەوەی خۆی هەیە. دەبێ نووسەریش ئازادانە بنووسێت. نووسەری بوونخواز لە بارەی واقیعەوە دەدوێت، دەبێت ئەو واقیعەش لە بەرژەوەندیی گشت مرۆڤایەتیی دابێت. سارتەر فەلسەفەی ئازادیی و پابەندبوون و تێکۆشان لە پێناو گشت مرۆڤایەتیی هێنایە ناو ئەدەب. ئەدیبانی بوونخوازیی لەسەر ئەوە کۆکن، کە دەبێت ئەدەب هەمیشە لە نوێبوونەوەدا بێت. بۆ گەیاندنی پەیام و بڵاوکردنەوەی دەقەکانیان، بوونخوازەکان پشت بە پەخشان دەبەستن، ئەمەش زیاتر لە ڕۆمان و شانۆنامەدا ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام مانای ئەوە نییە، کە بوونخوازەکان دژی هۆنراوە بن. سارتەر لە کتێبی «ئەدەب چییە؟» لەسەر پەخشان و هۆنراوە دەڵێت: « لە ڕاستیدا پەخشان وشەکان ناخاتە بەر خزمەت، بەڵکو خزمەتیان دەکات. کەچی شاعیران تیرەیەکن، زمان تا ئاستی سوودمەندسازی بەرز دەکەنەوە. چونکە گەڕان بە دوای ڕاستیدا، بەهۆی بەکارهێنان و بەئامراز کردنی زمانەوە نەبێ، ناکرێ.» (ژان پۆڵ سارتەر، ٢٠٠٩: ل٥٣) سارتەر پێی وایە، جگە لەو بەرپرسیاریەتییەی لەسەر شانی نووسەرانە، ئەوان نەمرن و داهێنان دەکەن «بەو پێیەی ئێمە بەرهەمی ئەدەبی بە پڕۆژەیەک لە پڕۆژەکانی داهێنان دەزانین، بەوپێەی نووسەران نەمرن پێش ئەوەی بمرن، بڕوامان وایە لەمەڕ ئەو توانایانەی

لە نووسینەکانماندا خستوومانەتە گەڕ، دەبێت ڕاستگۆ و هەقخواز بێت.» (ژان پۆڵ سارتەر، ٢٠٠٩؛ ل٩٠) لەم ڕوانگەیەوە، نووسەر لە هەنبەر هەرچی دەینووسێ دەبێت پابەند بێت، دووربکەوێتەوە لە گێڕانی ڕۆڵێکی نەرێنیی، واتە بە ئەنجامدانی ئەم کارە مانا و ماهییەت دەدات بە بوونی خۆی، چونکە مرۆڤ بە دەست خۆیەتی چۆن بوونێک بۆخۆی دەئافرێنێت.
سارتەر، چۆن توانی لە فەلسەفەدا ئەسپی خۆی تاوبدات، ئاواش توانی لە ئەدەبدا شوێنی خۆی بکاتەوە، چەند کتێبێکی ئەدەبیی نووسیووە، کە ڕۆمان، چیرۆک و شانۆنامە بوون وەک ئەمانە: «هێڵنج»، «وشەکان»، «مێشەکان»، «ددانەکانی چەرخ»، «دەستەپیسەکان»، «ڕێبازی ئازادی»، «شەیتان و خوا»، «گۆشەگیرانی ئاڵتونا» و «ئۆریپید» ...تاد لەگەڵ کۆمەڵە کورتەچیرۆکی «دیوار». جگە لەمە کتێبی لەسەر ڕخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی نووسیووە، وەک: «ئەدەب چییە؟» و «بۆدلێر». ئەم بەرهەمانەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی و دانانی بنەما و بنچینەکانی ئەدەبی بوونخوازیی.

**بوونخوازیی لە ئەدەبی کوردییدا**

بوونخوازیی لە ناوەڕاست و کۆتاییی حەفتاکانەوە هاتووەتە ناو کورد، لە ڕێگەی چەند دەستە و کەسێکی خوێنەری ئەوکات، کە لە شوێنە کولتووریی و چاخانەکان لەگەڵ یەکتر لەسەر بوونخوازیی بیر و ڕایان دەگۆڕییەوە. ئەو کەسانەی لەو کاتدا خۆیان بە بوونخواز دەزانی ئەمانە بوون: محەمەد کەمال، مەحەمەد موکریی، ئەحلام مەنسوور، فواد مەجید میسری ...تاد لە هەولێریش عەباس عەبدوڵڵا یوسف گرینگی بە بوونخوازیی دەدا. هەر وەک محەمەد کەمال ئاماژە بە سەرەتای ئاشنابوونی خۆی بە بوونخوازیی دەکات لە کۆتاییی حەفتاکاندا و دەڵێت: «منیش نووسراوێکم بەناوی (سەرەتایەک لە فەلسەفەی وجودی) ئامادەکرد و لە کۆڕێکدا لە سلێمانی پێشکەشم کرد. دوای ئەم کۆڕە، من بەئاشکرا بانگەشەی (بوونخوازی) خۆم کرد. هاوڕێکانیشم ناوی بوونخوازیان خرایە

پاڵ و ئەو دەستە هاوڕێیە بە (گروپی وجودییەکان) ناسرا.»
(هەرێم عوسمان، ٢٠١٤: ل٣٦)
بەهۆی ئەو بارودۆخەی کورد تێیدا بوو، لەگەڵ هەڵوێستەکانی سارتەر لەمەڕ پرسی ئازادیی، هزری مارکسیزم و ڕیوایەتدان بەشۆڕشی گەلان، بوونخوازیی تێکەڵ بە پرسی سیاسیی و هەڵوێستوەرگرتن بوو. ڕۆشنبیرانی کورد کتێبەکانی سارتەریان بەزمانی عارەبیی دەخوێندەوە، کە باسی لە شۆڕش و ئەمریکای لاتینیی دەکرد، وەک «کتێبی شۆڕش لەناو شۆڕش» و «داکۆکی لە شۆڕش» مشتومڕیان لەسەر دەکرد.
لەناو ئەدەبی کوردییدا بوونخوازیی نەیتوانی بەشێوەیەکی بەرچاو بڵاوببێتەوە، کاریشی لەسەر نەکرا، بەهۆی ئەوەی وەرگێڕانی کتێبە هزریەکانی بوونخوازیی کەم بووە. هاوکات بڵاوکراوەکان لە ژێر چاودێریی حکوومەت بوو، زمانزانینیش هۆکارێکی تر بوو، جگە لەمە چونکە بابەتێکی قورس و فەلسەفیی بوو. هەروەها سارتەر تەنیا لە چالاکیی سیاسیی و هەڵوێستوەگرتن کورتکرابووەوە. لەوکاتدا ئەدەبی بەرگریی و شۆڕشگێڕیی زاڵ بوو لەناو ئەدەبی کوردییدا، ڕەخنەی مارکسیزم، ڕیالیزمی شۆڕشگێڕیی و سۆسیالیستیی پێوەر بوو بۆ دەقی باش. هەر ئەمەش بووە هۆکاری بڵاونەبوونەوەی بوونخوازیی بەشێوەیەکی بەرچاو، تەنیا لەناو چەند دەستەیەکی بچکۆلانەدا مایەوە.
هەرچەندە لە دووهەزارەکان بەدواوە کتێبێکی زۆری سارتەر و وابەستە بە هزری بوونخوازیی وەرگێڕداوەتە سەر زمانی کوردیی، بەڵام لەناو ڕەخنەی کوردیی و زانستگەدا زۆر کەم کاری لەسەر کراوە. بەهۆی زۆری چاپەمەنیی، دیاردەی وەرگێڕان و سەیرکردنی وەگێران وەک کاسبی و کاڵا، هاوکات کرانەوەی باشووری کوردستان و هاتنی بەشێکی کوردی ڕۆژهەڵات وایکرد کتێبێکی زۆری سارتەر وەربگێڕدرێن، بەڵام هەر لە تیۆرییدا قەتیس ماون و کاریان لەسەر ناکرێت بۆ کاری ڕەخنەی ئەدەبیی.
بۆ پێشەکیی دیوانی «ماسییەکان پێدەکەنن» کە هی شاعیر «فواد سورخی»یە، نووسەر و ڕەخنەگر «هەندرێن» هەوڵیداوە لە ڕوانگەی

بوونخوازیی و دەروونییدا خوێندنەوە و شیکار بۆ شیعرەکانی فواد سورخی بکات. هەندرێن لە بارەی سورخی شاعیرەوە دەڵێت: « سورخی وەک بارستایی و وەکو لە شیعرەکانیشدا دەبینین، «لێرە» لەم دنیایەدا خۆی نییە، بەڵکو لە وڕێنەی شیعرەکانیدا خۆی «لەوێدا» وەک هەبوو دەبینێتەوە. بۆیە بێپەروا تێدەکۆشێ بگەڕێتەوە «ئەوێ».» (فواد سورخی، ١٩٩٣: ل٣) هەندرێن بۆ بەڵگەدارکردنی قسەکانی، پارچە شیعرێکی فواد سورخی لەسەر دایک هێناوەتەوە، کە چۆن بە خۆزگەیەکی نزائامێزی گرینۆکانەوە هانا بۆ دایکی دەبات. هاوکات شیکردنەوەیکی دەروونیی بۆ ئەم پارچە شیعرە کردووە. وەک دەڵێت:

«کێ بێ بۆ لای تۆم بگەڕێنێتەوە؟
یا خۆت بەملما هەڵواسە
با لەگەڵ خۆمدا بتبەم.. .
لەم دنیایەدا متمانە بەکەس ناکەم.

دنیای گەورەبوون، سێبەرێکی دڕە، گەمارۆی جەستەی دابڕاو لە کەینونەی نەرمونیانیی دایکی دەدات. مەشخەڵانی غەریزەکانی پڕ دەبن و ترس ئارامیی لێدەبڕێت. هۆشی نائاگاییی کۆرپایەتییەکەی (طفولە) لە زمانی هەستە ڕەمەکیی و زگماکییەکانی دەئاخڤێ، هۆشی ئاگاییە دەرەکییەکەشی لەخشتەی دەبات -کە خودی خۆی لەوە نائاگایە- پاڵەپەستۆی غەریزەی سێکسییە کپبووەکانی پاکانە کۆرپایەتیەکەی گوماناوی دەکەن. جا لەبری ئەوە، دەیەوێت دایکی لەگەڵ خۆیدا ببات، تا هەستە گوماناویەکەی مەفح بکاتەوە. ئەمەش لە دیدی «فرۆید»ـەوە گرێی دایک، یان ئۆدیب دەگەیەنێت، لە هەستی ئاگایانەی «سورخی»شدا، ئەوە پاڵنەرەکەی هەستوسۆز و پەرێشانییەکی لەدەستچووی پاکانەیە بۆ دایکی!» (فواد سورخی، ١٩٩٣: ل٣)

لە ئەدەبی کوردییدا فەلسەفەی سارتەر لە ناو ئەدەبدا کاری لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە، تاوەکو وەک ڕێباز، میتۆد و تیۆرەکانی تر جێگەی هەبێ لە ڕەخنەی کوردییدا. هەر ئەمەش وایکردووە لەلای خوێنەر و لێکۆڵەرەوان زانین و ئاشنایەتییەکی وایان نەبێت

لەسەر فەلسەفەی سارتەر و ڕەخنەی بوونخوازیی.

کورتەیەک لە ژیاننامەی بەکر عەلی
بەکر عەلی شاعیر لە ١٩٦٨/٦/١٩ لە گەڕەکی کانێسکانی شاری سلیمانی لە دایکبووە، دەرفەتی خوێندنی تا پۆلی دووی ناوەندیی دەبێت، دواتر بەهۆی نەداریی ناتوانێت درێژە بە خوێندن بدات، بەڵام ئەو بەردەوام دەبێت لەسەر خوێندنەوە و خۆپەروەردەکردن. بەکر عەلی لەناو خەڵکیدا بە گوڵە سوورەکەی حامیە ناسراو بوو، لەبەر ئەوەی زۆر خۆشەویست بوو لەناو چینی هەژار و ڕەنجدەران، بەتایبەتییش لەناو خەڵکی حامیە، کە هەموویان هەژار بوون؛ ئەو وەک داکۆکیکارێکی سەخت بۆ مافەکانی خەڵکی حامیە دەجەنگا، لەگەڵ ئەمەشدا نووسینی شیعری دڵداریی و ناسکی بووە هۆی ئەوەی پێیبڵێن: «گوڵە سوورەکەی حامیە». لە ساڵی ١٩٩٤ دەبێت بە نوێنەری خەڵکی حامیە بۆ نارەزایەتیی و وەستانەوە دژی بڕیاری ڕووخاندنی خانووەکانی ئەو ناوچەیە و کردنی بەپارک، جێگەی ئاماژەیە گشت خەڵکی حامیە هەژار و نەدار بوون، بەکر عەلیش وەک مرۆڤدۆست و کەسێک، کە بڕوای بە هزری چەپخوازیی هەبووە، بەرگریی لەم خەڵکە کردووە. لە یەکی ئایاری جەژنی کرێکاراندا، لە یارییگەی سلێمانیی بەناوی خەڵکی حامیە وتارێک پێشکەش دەکات، ڕووی دەمی دەکاتە دەسەڵاتدارانی سلێمانیی و دەڵێت: «ئێوە کە بیر لە گۆڕینی ئەو ژیانە (قوڕینە)مان ناکەنەوە بە ژیانێکی وەک هی خۆتان (گوڵین) بۆ هێندەشمان پێ ڕەوا نابینن؟» (فەرەیدون عارف: ٢٠١٥: ل٢٢) بەم شێوەیە وتارێکی پڕ لە حەماسەت پێشکەش دەکات، هەر ئەمەش وادەکات دەسەڵاتدارانی شارەکە هەراسان بکات و لەمە بەدواوە دەکەونە دوای و دەستگیری دەکەن، دواتر ئازاد دەکرێت. جێگەی ئاماژەیە لە لایەن ڕژێمی بەعسیش لە ساڵی ١٩٨٧ دەستگیر دەکرێت، بەتۆمەتی هێنانی پێشمەرگە بۆ ناو شار، دوای چوار مانگ ئەشکەنجە و ئازار ئازادی دەکەن. لە ساڵی ١٩٨٩ دوو جار لەلایەن ڕژێمەوە دەستگیر دەکرێت و دوای ماوەک ئازاد

دەکرێت. دوای قووڵبوونەوەی کێشەی خانووە بێتاپۆکانی حامیە «لە ١٩٩٤/٨/١٧ لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە لە نیوڕۆیەکدا و لە ماڵە قوڕینەکەی خۆیدا لە حامیە، دەستگیر دەکرێت و ماوەی شەش ڕۆژ لە ئاسایشی سلێمانی بەند دەکرێت. وەک خۆی دواتر بۆ هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی گێڕاوەتەوە، کەسێک لە دەرەوەی ئاسایشەوە دێت و بەشێوەیەکی وەحشەتناک ئەشکەنجەی دەدەت.» (فەرەیدون عارف؛ ٢٠١٥؛ ل٢٦) وا بڕیار بوو لە ٩/١ دا خانووەکان بەسەر خەڵکی حامیە بڕووخێنن، لەو ڕۆژەدا خەڵکەکە بڕیاریاندا خۆپیشاندانێکی هێمنانە بکەن لە بەردەمی قایمقامی شارەکە، بەکر عەلی یەکێک بوو لە سەرەکیترین نوێنەرەکانی خەڵکی ناڕازیی، دوای گردبوونەوە، پاسەوانەکان بەزەبری هێز کەوتنە بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران، دوای دەستنیشانکردنی بەکر عەلی چەکدارەکان لە پشتەوە گوللەیەکی لێدەدەن، دواتر چەکدارێک دەگاتە سەر سەری و گوللەیەک دانێت بەناو دەمیەوە و شەهید دەبێت. شەهید کردنیشی پیلان بۆدارێژراو بووە و پێشتریش هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە. لە یەکێک لە یاداشتەکانیدا دەنووسێت «بەلای منەوە کەوتنی مرۆڤێک، بەقەد بەربوونەوەی ئەستێرەیەک سەرنجڕاکێشە، تەنانەت هەرئەم هەستەش بوو وای لێکردم بەو پەڕی پەستی و بێ ئارامییەوە بڵێم: با شەقامەکان بەگوڵ سوور کەین، نەک بە خوێن.» (فەرەیدون عارف؛ ٢٠١٥؛ ل١٣٠-١٣١) شاعیر چەند شیعر و دەقی شانۆی نووسیووە، یەکەمناملکە شیعری بەناوی ئەو شەوانەی لە پرچەکانت ڕەشترن بوو، کە لە ١٦ دەقی شیعریی پێکهاتووە، دوای شەهیدکردنیشی چەند دانە شیعری تری بڵاوکرایەوە. یەکەمین دەقی شانۆی بەناوی تریشقەکان بوو، لە هەڵەبجە پێش دوومانگ لە شەهیدکردنی نووسی و پێشکەشکرا.

**ئازادیی لە شیعرەکانی بەکر عەلییدا**

ڕەنگدانەوەی ئازادیی:

شاعیران بەدوای ئازادییەوە وێڵن، ئەم هەستەشیان لە شیعرەکاندا ڕەنگدەداتەوە، بەکر عەلیش، وەک شاعیرێکی ئازادیخواز، لە

شیعرەکانیدا هەست بەم ئازادییە دەکرێت. لە کۆمەڵگەی کوردییدا بەهۆی داگیرکارییەوە ئازادیی لە شاعیران زەوت کرا بوو، دوای ئازادکردنی کوردستان لە ژێر هەژموونی ڕژێمی بەعس جۆرێک ئازادیی بۆ شاعیران هاتە کایەوە، بەڵام هێشتا لە ئاستی چاوەڕوانیی شاعیرێکی وەک بەکر عەلی نەبوو. لە یەکێک لە یاداشتەکانیدا دەڵێت: «کە ڕاپەڕین.. وامان ئەزانی برا و ڕۆڵەکانمان هەر کە گەیشتنە شار، بەجۆرێک ئەگەڕێنەوە، سەرو ڕێزو گوڵمان دەدەنێ.» (فەرەیدون عارف: ٢٠١٥؛ ل١٣١) لەم یاداشتەیدا دەردەکەوێت، کە شاعیر بێهیوایی پێوە دیارە، ئەمەش بەهۆی بارودۆخی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و ئابووریی کوردستان بوو دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١. بەکر جگە لەوەی کەسێکی یاخیی بووە، هەمیشە پاڵپشت و لایەنگری هەژاران و ڕەنجدەران بووە.
لەم ڕوانگەیەوە، شاعیر لە شیعری «سۆراخ» جەخت لە ئازادیی خۆی دەکاتەوە و دەڵێت: بۆچی ئەتهێشت

ببی بەم بێستونی عەشقە و
بمگریەخۆ،
کە دەتزانی فەرهادێکم
دەمم پڕە لە جنێو و
تف، و درۆ..
شاعیرێ نیم،
وەک هەندێ شاعیر دەستە مۆ
دە ئاخر بۆ؟ (بەکر عەلی: ٢٠١٥؛ ل٧٢)

شاعیر لەم پارچە شیعرەیدا خۆی بە کەسێکی ئازاد و دەستەمۆنەکراو وێنا کردووە، کە ماهییەتی بە بوونی خۆی داوە، وەک بوونێکی ئازاد، لە ڕێگەی جەختکردنەوە لە ئازادیی بوون، جەوهەر بۆ بوونی خۆی دادەنێت وەک شاعیرێکی سەربەست، نەکەوتووەتە ژێر کاریگەریی، هەژموون و نیگای ئەوانیتر و خۆشەویستەکەی. وەک دەڵێت: «بۆچی ئەتهێشت ببی بەم بێستونی عەشقەو بمگریەخۆ»، لێرەدا شاعیر نایەوێت بکەوێتە ژێر کارگەریی دڵدارەکەی و پرسیارێکی بوونایەتیی دەورووژێنێت، ئەویش ئەوەیە

بۆچی دەتەوێت بوونم وابەستە بکەی بە خۆتەوە؟ لە کاتێکدا، کە من ناسنامەیەکی بەم جۆرەم هەیە «کە ئەتزانی فەرهادێکم دەمم پڕە لە جنێو و تف و درۆ»، بەکر جەوهەری خۆی بۆ دڵدارەکەی وا پێناسە کردووە، کە وەک فەرهادێکی دەم بە جنێو و تف و درۆیە، لێرەدا زیاتر مەبەستی لە ڕەخنەگرتن و وەستانەوەیە دژی هەموو ئەوشتانەی ئازادیی لێزەوت دەکەن، کەسێکی یاخییە و دەستەمۆ ناکرێت. وەک دەڵێت: «شاعیرێ نیم، وەک هەندێ شاعیر دەستەمۆ دە ئاخر بۆ؟»، خۆ جیاکردنەوەی شاعیر وەک بوونێکی ئازاد، ماهییەت دەداتە جەوهەری بوونی شاعیرێکی ئازاد، چونکە شاعیر گلەییی ئەوە لە دڵدارەکەی دەکات، کە بۆچی وەک کێوی بێستون ئەوی گرتووەتە خۆی، ئەو نایەوێت بکەوێتە ژێر ڕکێفی ئەشق و خۆشەویستییەوە، بەڵکو دەیەوێت بوونێکی سەربەخۆ و ئازادی هەبێت، تەنانەت شاعیرێکە، کە هەمیشە ڕخنە دەگرێت، دەستەمۆ ناکرێت و ئازادیی ئەویان بۆ جڵەوگیر ناکرێت. لە دیدی سارتەرەوە، ئەم شیعرە ئازادیی تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، شاعیر بوێرانە بەرگریی لە ئازادیی خۆی کردووە، ئازادیی لە پێش شتەکانی تر داناوە.

هەروەها پرسی ئازادیی لەلای بەکر عەلی لە شیعرێکی تریدا وا دەردەکەوێت، کە ئەو ئازادییەی ئەو وێنای دەکات، کەوتووەتە ژێر کۆسپ و سنووردارییەوە، ئەمەش کاریگەریی دەبێت لەسەر مرۆڤ لە دەرکەوتنی کردەوە و ویستەکانیدا، چونکە بوونێکی ئازاد نییە. مرۆڤ مەحکوومە بە ئازادیی، بەبێ ئازادیی مرۆڤ ناتوانێت خودی خۆی بێت. وەک لەم پارچە شیعرەی «سنوور»دا، دەردەکەوێت:

سا هۆ (خەزاڵ)ی ئێرانیم،
هۆ دەستنوێژی قەت نەشکاوی شیعرەکانم
بۆ وە ناشێی خۆشم بوێی،
فەرمووتە دێم.. مەیە، چونکە
ئەم سنوورە ڕێگەنادا
لە شیعرێکم مارە بکرێی!..

من ئەڕۆم بەڵام ئەفسوس، ئا لێرەیا
لەم ئێرانی جبەو جادو و
مێزەرەیا..
دەبێ لە هەر ئەرتەشگایەک
هەر سەربازگەو پایەگایەک
جانتاکانم بکەمەوە.. (فەرەیدون عارف: ٢٠١٥؛ ل٦١-٦٢)

بە هۆی نەبوونی ئازادیی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی ئەوکات، هەبوونی سنوور و ڕێگریی لە مرۆڤەکان، وەک بوونێکی ئازاد، وایکردووە شاعیر بە دڵدارەکەی ڕابگەیەنێت، کە بە هۆی ئەم بارودۆخە نالەبارەی کۆمەڵگە و دانانی سنووری نەریتیی و دینیی، لەمپەر بووە لەوەی شاعیر بە ئازادانە لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا بێت. وەک دەڵێت: «سا هۆ (خەزاڵ)ی ئێرانیم، هۆ دەستنوێژی قەت نەشکاوی شیعرەکانم بۆ وە ناشێ خۆشم بوێی»، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت شاعیر هەرچەندە دڵدارەکەی خۆشدەوێت و هەمیشە لە ناو شیعرەکانیدا هەیە و وەک دەستنوێژێکی نەشکاو وەسفی دەکات، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئازادیی بۆ خۆشەویستییکردن بە شێوەیەکی ئاشکرا و ئازادانە وایکردووە بڵێت: «بۆ ئەوە ناشێ خۆشم بوێی» ڕێگریەکانی بەردەم ئەم دوو دڵدارە خۆی لە نەریتی کۆمەڵگە، ئایین و پیاوسالاریی دەبینێتەوە، جگە لەو باردۆخە سیاسییەی ئەوکاتی کۆمەڵگەی تێیدا ژیاوە. بەهۆی بوونی کۆتوبەندی زۆر لەسەر ئازادیی مرۆڤ. شاعیر بڕیاری ڕۆیشتن و دوورکەوتنەوە دەدات لەم ژینگەیەدا و وێڵە بەدوای ئازادیی، دەیەوێت ئازادیی بدۆزێتەوە، جگە لەوەی هەستێکی هەیە ئەگەر بشڕووات، تووشی چەندان ئەرتەشگە و سەربازگە دەبێتەوە، جانتاکەی پێدەکەنەوە و تەگەری لەبەردەم دروست دەکەن. «من ئەڕۆم بەڵام ئەفسوس، ئا لێرەیا لەم ئێرانی جبەو جادو و مێزەرەیا.. دەبێ لە هەر ئەرتەشگایەک هەر سەربازگەو پایەگایەک جانتاکانم بکەمەوە..» ناو هێنانی جبە، جادوو، مێزەر، ئارتشگە و سەربازگە، دەلالەتە لەسەر سنووردارکردنی کۆمەڵگە لە ڕێگەی نەریت و دین لەلایان مێزەر بەسەرەکان، ئارتەشگە و

سەربازەکان. واتە شاعیر چونکە ئازاد نییە وێنای ئەم دۆخەمان بۆ دەکات، کە ئازادیی تێدا زەوتکراوە، هەر ئەمەش وایکردووە، کە هەڵبژاردەکانی سەخت بن و بە ویستی خۆی نەبن، کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەو بارودۆخە چەپێندراوەیە. بۆیە لەم شیعرەدا هەست بە ئازادیبوون ناکرێت لە لایەنی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی، چونکە یاسا سیاسیی و سەربازگەکان لەگەڵ یاسا نەریتییە دینییەکان هیچ ئازادییەکیان نەهێشتووەتەوە، کە دوو دڵدار بە ئازادانە خۆشەویستیی بکەن، بەڵکو ئەم مافەیان لێزەوت کراوە، هەر ئەمەشە وادەکات شاعیر داوا لە دڵدارەکەی بکات، کە نەیەت و خۆشی بڕیاری ڕۆیشتن دەدات لەم وڵاتە. لەم ڕوانگەیەوە ئەم شیعرە ئازادیی تێدا بەدی ناکرێت، بەڵکو شاعیر وێنای وڵات و کۆمەڵگەیەکی دەستبەسەر، داگیرکراو و سنووورداکراومان بۆدەکات.

**ئازادیی هەڵبژاردن:**

مرۆڤ، وەک بوونەوەرێکی ئاقڵمەند، لە ژیانیدا ڕووبەڕووی هەڵبژاردنی جۆراوجۆر دەبێتەوە، هەر هەڵبژاردنێکیش گرینگیی تایبەتی خۆی هەیە بۆ دیارییکردنی داهاتوو و جەوهەری بوونی مرۆڤ. لە ڕوانگەی سارتەرەوە هەڵبژاردن دەبێت بەشێوەیەکی ئازادانە بێت و مرۆڤ دەبێت بەپێی ئەو بارودۆخەی تێیدایە هەڵبژاردن بکات، نەوەک بەپێی چەند بنەمایەکی دیارییکراو و لە قاڵبدراو بڕیار بدات، دەبێ ئەو هەڵبژاردە هەڵبژێرێت، کە مرۆڤانەیە لە هەمان کاتدا، ئازادانە هەڵبژاردنەکەی بکات، سارتەر پێی وایە هەڵبژاردن بەرپرسیاریەتییە. هەر بۆیە دەبێ هەڵبژاردەکان بە ئازادیی بێت، نەوەک بە زەبروزەنگ.

بەکر عەلی، بەهۆی ئەو ژیانە سەختەی تێپەری کردووە، چەندان جار تووشی بێزای بووە، تا ئەو ئاستەی ئەم هەستەی لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. لە شیعری «شەوی سێیەم»دا دەنووسێت:

وەرە ئەمشەو بمرێنە
تۆفانێ بەو ڕۆحیانەتم ڕاوەشێنە.

وەرە ئەمشەو بممرێنە
گڕکانێ بە..
نەک هەر من و نامەکانم
دوا قانوونی خۆشەویستیش بسوتێنە.
لێت ناترسم..
خۆم گۆڕی خۆم هەڵئەکەم
لانکەیەکم دەیان ساڵە
چەقۆ و خەنجەر
ڕائەژەنم.. (بەکر عەلی: ٢٠١٥؛ ل٣٧)

لەم پارچە شعرەدا شاعیر هەستی بێهودەیی و ڕەشبینیی بەسەردا زاڵە، ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخە ژینگەیەی تێیدا ژیاوە، بەمەش دەرگەی هەڵبژاردنێکی ناچارانەی بەڕوویدا کراوەتەوە، شاعیر بەهۆی سەختیی و بێهودەیی ژیان، داوا لە دڵدارەکەی دەکات، کە ئەمشەو بێت و گیانی بکێشێت، چونکە وا هەست دەکات ئیدی ئەم کەڵکی ئەوەی نەماوە چیتر بژێت. «وەرە ئەمشەو بممرێنە تۆفانێ بەو ڕۆحیانەتم ڕاوەشێنە.» شاعیر لە نێوان ژیان و مەرگدا، مەرگ بەدەستی دڵدارەکەی هەڵدەبژێریت، نەک هەر ئەوەش، داوا دەکات لەگەڵ خۆی گشت شتەکانی نێوانیان بسووتێنێت. «وەرە ئەمشەو بممرێنە گڕکانێ بە.. نەک هەر من و نامەکانم دوا قانوونی خۆشەویستیش بسوتێنە.» ئەم مەرگدۆستیییەی شاعیر بەهۆی سەختی ژیانی شاعیرەوەیە، بەتایبەت دوای ئەوەی ناتوانێت ئازادانە لەگەڵ دڵدارەکەی بێت و لایەنی ئابووریی، نەریتیی و کولتووری کۆمەڵگەش پاڵنەری زیاترن بۆ ئاڕاستەکردنی شاعیر بەرەو هەڵبژاردنێکی ئاوا ڕەشبینانە. ئەمە بۆ شاعیر بڕیارێکی قورسە، کە نامەکان و دوا قانوونی خۆشەویستیش بسوتێنێت و هەموو شتێک کۆتایی پێبێنیت، بەڵام لە دێڕەکانی دواتردا، شاعیر نەترسان لەم وێرانکردنەی نیشان دەدات، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە ژیانی ڕابردوویدا ڕووداوی سەخت، ناخۆش و مەرگاسای بەرێکردووە، دەڵێت: «لێت ناترسم.. خۆم گۆڕی خۆم هەڵئەکەم لانکەیەکم دەیان ساڵە چەقۆ و خەنجەر ڕائەژەنم..» هەبوونی

ڕابردوویەکی وەها دژوار، هەڵبژاردنی داهاتوویەکی ئومێدبەخشی لەبەردەم شاعیر نەهێشتووە، بە جۆرێک وا وێنای ژینی ڕابردووی دەکات، بوونێک بووبێت هەمیشە سەختیی و پووچیی ژیانی لە خۆیدا ژێر کردووەتەوە، ئەم دۆخەی تێشی دابووە، وەک چەقۆ و خەنجەری تیژ بوونی ئەوەیان بریندار کردووە و ئازاریان داوە. «لێت ناترسم.. خۆم گۆڕی خۆم هەڵئەکەم» بوێرانە وەستانەوە دژی ژیان، هەڵبژاردنی مەرگ و هەڵکەندنی گۆڕەکەی بەدەستی خۆی، لە ئەنجامی هەبوونی هەستی نیهیلیزمی پاسیڤە، کە وادەکات مرۆڤ تا لێواری هەڵبژاردنی مەرگ ببات. لە ڕوانگەی سارتەرەوە مرۆڤ ئازادە چی هەڵدەبژێریت، بەڵام دەبێت لە ژێر کاریگەریی چەند هۆکارێکی نەرێنیی دانەبێت، بەڵکو دەبێت کەشێکی ئازادانەی بۆ فەراهەم کرابێت، بەکر عەلی، لێرەدا ئازادانە بڕیاری نەداوە، بەڵکو لەژێر بارودۆخێکی سەختدا بووە، ئەم دۆخە سەختەی وای لێکردووە بەرەو نیهیلیزم و بێهوودەییی مل بنێت، بەتایبەت دوای ئەوەی گەیشتن بە ویستەکانی ئەستەم دەبێت. دابڕان لە دڵدارەکەی و کۆتوبەندکردنی لە نەریتی نێرسالارییدا، هۆکاری سەرەکین.

بەکر عەلی، لە شیعری «تکا» وێنای قورسی ژیان و دەستبەسەرداگرتنی وڵات لە لایەن دەسەڵاتدارەکانەوە دەکات، لە ئەنجامی ئەمەش ناچار بە هەڵبژاردنی نابەدڵی خۆی دەبێتەوە و دژی خواستەکانی دەوەستێتەوە و دەنووسێت:

لە وڵاتێکا خۆشم دەوێی
گردۆڵکەو چیاکانیشی
کە ئێستاکە
لە سەرێکی تاشراو ئەچن
بێ نزارن،
هی ئێمەنین
هی پایتەخت و
ژنەکانی سەرکۆمارن..
دەسا گەورەم،
هۆ ئەو کچەی

سێبەرەکەشم ئەیەوێی،
گەر خۆشتدەوێم
مەهێڵە قەت
خۆشم بوێی!. (بەکر عەلی: ٢٠١٥؛ ل٦٥)
شاعیر دەیەوێت لە ڕێگەی شیعرێکی دڵدارییی، ڕازی دڵی خۆیمان پێبڵێت، لەم شیعرەیدا باسی نیشتمان ێکی دابەشکراو دەکات، کە چۆن دەسەڵاتدارەکان هەموو خێر و بێرێکیان بردووە و بەسەر خۆییان و ژنەکانیان دابەشیان کردووە، لەم وڵاتەدا خۆشەویستیی ئەستەمە، هەر بۆیە شاعیر داوا لە دڵدارەکەی دەکات خۆشی نەوێت، ئەمە هەڵبژاردنێکی ئازادانە نییە، دژی ویست و ئارەزوە خودیەکانی خۆیەتی، بەڵام ئەو پێی وایە، کە خۆشەویستیی لە وڵاتێکی ئاوا دابەشکرا و ناکرێت و هەڵبژاردنی نەکردنی باشترە. وەک دەڵێت: «لە وڵاتێکا خۆشم دەوێی گردۆڵکەو چیاکانیشی کە ئێستاکە لە سەرێکی تاشراو ئەچن بێ نزارن» بەکری شاعیر دەیەوێت بە دڵدارەکەی بڵێت خۆشمدەوێیت، بەڵام لە وڵاتێکی وێرانە و ئەتککراودا، بە جۆرێک گرد و چیاکانیشی لە سەری تاشراو دەچن، هەرچەندە دارستان و جەنگەڵیشی لێیە، بەڵام دیسان بە تاشراو دەچن، بێ نزارن و شوێنێک نەماوە لە بەر نیسێکی بەر نزار پشوویەک وەربگرین، ئەوەی هەیە ڕووتاویی و هەتاوی سەرتاشراوی سەر شاخەکانە. ئەم وڵاتە هی ئێمە نییە. لە دێڕەکانی دواتر دەڵێت: «هی ئێمەنین هی پایتەخت و ژنەکانی سەرکۆمارن..» ڕاستەوخۆ ئاماژە بە دەسەڵات دەکات، بەتایبەت ئەوکاتەی ڕژێمی بەعس لە دەسەڵات بوو، هەم بەرپرسەکان و پۆستەکان لە بەغدادەوە بوون، بۆیە شاعیر لێرەدا سەرنجمان بۆ خاکی داگیرکراوی کوردستان ڕادەکێشێت و ئاماژە بە داگیرکاریی و نەمانی ئازادیی لە خاکی خۆی دەکات. لە دیدی سارتەرەوە مرۆڤ دەبێت ئازادانە لەسەر خاکی خۆی بژێت و خاوەنی ناسنامەی خۆی بێت، بۆ ئەوەی خاوەنی بوونێکی ڕەسەنی خۆی بێت، لە کۆمەڵگەی داگیرکراودا، مرۆڤ ناتوانێت بە ئازادیی بڕیار بدات و هەڵبژاردن بکات، ئەماش ڕاستەوخۆ وابەستەیە بە جەوهەر و

چارەنووسی مرۆڤەوە. هەر بۆیەشە بەکر عەلی دەڵێت: «دەسا گەورەم، هۆ ئەو کچەی سێبەرەکەشم ئەیەوێی، گەر خۆشتدەوێم مەهێڵە قەت خۆشم بوێی!.» هەر چەندە شاعیر بە هەموو بوونیەوە خۆشەویستیی بۆ دەربڕیوە و تەنانەت سێبەرەکەشی، دڵدارەکەی دەوێت، بەڵام داوای لێدەکات، کە خۆشی نەوێت. ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئازادیی نییە و بەرژەوەندیی ئەو لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە خۆشی نەوێت. ئەگەر بە دیدێکی سارتەرانە لەمە بڕوانین ئازادیی هەڵبژاردن ڕەنگ ناداتەوە لەم دێڕانەدا، چونکە پارادۆکس هەیە لە نێوان ویست و هەڵبژاردنی شاعیر، ئەم داوایە بەهۆی ئەوە نییە شاعیر نایەوێت دڵداریی بکات، یان ببێتە کۆیلەی ئەشق، بەڵکو بەهۆی نەتوانین و نالەباربوونی هەلومەرجێکی گونجاوە بۆ خۆشەویستیی لەم وڵاتەدا. بۆیە لەم شیعرەدا هەست بە ئازادیی ناکرێت، شاعیر ئازاد نییە لە هەڵبژاردن و بڕیاردانەکانی، بەڵکو ئەم هەڵبژاردنە بەهۆی نەبوونی ئازادییەوە هەڵبژاردەی شاعیرە.

**ئازادیی بڕیاردان:**

لە ژیانی ڕۆژانەدا مرۆڤ بڕیار دەدات چی بکات و چۆن کردارەکانی جێبەجێ بکات، لە ئاکامدا ئەم بڕیار و کردارانە چارەنووسی مرۆڤ دیاریی دەکەن، هەر بۆیە مرۆڤ دەبێت ئازادانە و بەرپرسیارانە بڕیار بدات چ کارێک دەکات، چونکە ڕاستەوخۆ وابەستەیە بەژیانی خودیەتیی و گشتیی کۆمەڵگە. بیریارە بوونخوازەکان بەتایبەتتر سارتەر، جەختیان لەسەر ئازادیی بڕیاردان و هەڵبژاردن کردووەتەوە. سارتەر پێی وایە مرۆڤ بە ئازادانە و بڕیاری خۆی نەهاتووەتە بوون، واتە ناچار کراوە بەژیان. هەر بۆیە دەبێت لە ژیانیدا ئازاد بێت لە بڕیاردان. خودی سارتەر، مرۆڤ مەحکووم دەکات بە ئازادیی، بڕیاردانیش لە چوارچێوەی ئازادیدیا نەک تەنیا ئاراستەی ژیانی تاکایەتیی دیاریی دەکات، بەڵکو ئاراستەی کۆمەڵگە و مرۆڤایەتییش دیاریی دەکات. لەم سۆنگەیەوە بەکر عەلی چ وەک کەسایەتیی ناو کۆمەڵگە هەژارەکەی، چ وەک شاعیرێک هەڵوێست و بڕیاری جۆربەجۆی داوە، هەم لە ژیانی تاکایەتیی و دڵداریی خۆی،

هەم لە پرسە گشتەکانیش وەک بەرگرییکردن لە خەڵکی هەژاری گەڕەکی حامیە. تەنانەت یەکێک بووە لە نوێنەرە سەرەکییەکانیان بۆ پرسی نیشتەجێبوونیان، تا بڕیاردانی ڕێکخستنی خۆپیشاندان و دواتر شەهیدکردنی بەهۆی ئەم بڕیارانەی دەیدا، بەشێکی پێوەستە بە ئەرکی ئەو وەک بوونێک لەم واقیعەی تێیدا ژیاوە، پێی وابووە بەرپرسە و دەبێت بڕیاردانی بەم شێوەیە بێت بۆ ئەوەی مانا بە جەوهەری بوونی خۆی بدات، وەک شاعیرێکی ئازاد و خاوەن بڕیار. هەر لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین شیعری «زایەڵەی شەو» بەنموونە وەربگریەن:

به چیتان ئەویٚ بمکەن، بەس..
رازی نابم گوڵان بکرێن بە پێڵاوی هیچ گەورەیەک
وەکو گەڵای دار پرتەقاڵێکی باشوور
هەڵوەرینم بەس بەتەنیا بریتی بیت لە لەنجەیەک
زۆر شەو بە دزی شەوەوە.. داوەتی مانگەشەو ئەکەم
ئەو کاتەی کە (شا)ش نووستوە..
من تازە خەریکە، شارو
شیعرە نویٚ کەم.. لە خەو ئەکەم (بەکر عەلی: ٢٠١٥؛ ل٨٥)

لەم پارچە شیعرەدا هەڵوێستێکی مرۆڤانە بەدی دەکرێت، ئەمەش بەهۆی ئەو بڕیارە بەرهەڵستکارانەیە، کە لەلایەن شاعیرەوە دەدرێت، بەجۆرێک ئامادەی تێدایە خۆی بکاتە قوربانیی و باج بدات لە پێناو پرسێکی مرۆڤانە و گشتییدا. ئەو ئامادەی ئەوەی تێدایە خۆی بکرێت بە هەر شتێک، بەڵام ڕازیی نابێت مرۆڤ و نیشتمان بکرێن بە پێڵاو و بکرێنە پێی سەرکردەکانەوە. وەک دەڵێت: «بە چیتان ئەویٚ بمکەن، بەس.. رازی نابم گوڵان بکرێن بە پێڵاوی هیچ گەورەیەک» بەرهەڵستیی و وەستانەوە لەبەردەم ناحەقیی، پرس و بڕیاردانێکی بوونخوازانەیە، مرۆڤ دەبێت بڕیارەکانی لە پێناو چاکەی گشتیی دابێت. بڕیاردانی بەرەنگاربوونەوە لە دێڕەکانی تردا ڕوونتر دیارە و دەڵێت: «وەکو گەڵای دار پرتەقاڵێکی باشوور هەڵوەرینم بەس بەتەنیا بریتی بیت لە لەنجەیەک»، شاعیر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەو ئەوەندە بێبەرگریی نییە،

وەک دار پرتەقاڵێکی باشوور بە شنەبا و لەنجەیەک گەڵاکانی هەڵبوەرێت، بەڵکو ڕووحییەتی بەرنگاریی و وەستانەوەی هەیە لەبەردەم ناحەقییدا. «ئەو کاتەی، کە (شا)ش نووستوە.. من تازە خەریکە، شار و شیعرە نوێ کەم.. لە خەو ئەکەم» بڕیاری نووسینی شیعرێکی نوێ لە نیوەشەودا بۆ مانادانە بە بوونی خۆی و باسکردنی ئەو دۆخەیە، کە «شا» تێیدا بێخەبەرە، بەڵام شاعیر لە ڕێگەی نووسینەوە ئەم دۆخە بەیان دەکات. بە دیدە سارتەریەکەیەوە دەتوانین بڵێین شاعیر لە ڕێگەی نووسینەوە دەیەوێت بوونی خۆی وەک کەسێکی بەرپرسیار دەربخات. ئەمەش لە شیعرەکەدا ڕەنگ دەداتەوە، کاتێک بڕیار دەدات لە نیوەشەودا شیعرێکی نوێ بنووسێت، لە کاتێکدا سەرکردە و دەسەڵاتدارەکان خەوتوون، بەڵام ئەو بۆ بەدەستهێنانی و بەرگرییکردن لە ئازادیی بڕیار دەدات بنووسێت و ئەرکێکی بوونایەتیی لەشان گرتووە.
بەکر عەلی هەرچەندە بەگشتیی شیعرەکانی دڵدارییین، بەڵام لە ناوەڕۆکدا چەند بابەتی تریش لەخۆیان هەڵدەگرن. ئەو لە ڕێگەی شیعرەوە دەیەوێت ڕاز و گوزەری ژیانی خۆی ڕابگەیەنێت و مانا بدات بەو دۆخەی تێیدایە و دەیکات بە بوون. نایەوێت هەروا بە سادەییی تێبپەڕێت، نووسینش بەشێکە لە مانیفێستی ژیانی هەر نووسەرێک. بەکر عەلی لەم شیعرەدا ڕووبەڕوی بڕیاردانێک دەبێتەوە، کە لە ئەنجامی بێزاریی لە دۆخی ژیان و دڵداریی بەسەری هاتووە و لە شیعری «سنوور»دا دەڵێت:

من ئەڕۆم و
تکایە پێیبڵێن ئیتر
بەدیدارم ناگاتەوە..
من ئەڕۆم و
کە ڕۆیشتم. وەک چەم ئەڕۆم
چەمیش ئاوڕ ناداتەوە.
بێزارم.. بێزار.. لێرە
لە دار.. لە بەرد
بێزار لە شارەکەی لە خۆی

لە ئاوێنەو تەوقەو شانەو
قژی نیگرۆی
لە دەست و پەنجەی دەستەمۆی!. (بەکر عەلی: ٢٠١٥؛ ل٦٠)
بڕیاردان لە ژێر کاریگەریی ئەوانیتر و بارودۆخێکی ناسەقامگیر، ناچێتە چوارچێوەی بڕیاردانێکی ئازادانە، بەڵکو زیاتر ڕاکردنە لەدەست بارودۆخ. بڕیاردانی شاعیر لەوەی، کە دەڕوات و ناگەڕێتەوە، بڕیاردانێکی ئازادانە نییە، بەڵکو بەهۆی ئەوەیە، لە ژێر فشاری دەروونیی دایە، وەک لەم دێڕەدا دەڵێت: «من ئەڕۆم و تکایە پێیبڵێن ئیتر بەدیدارم ناگاتەوە..» هەرچەندە بڕیاری ئەوەی داوە، کە دەڕوات، بەڵام حەسرەتی بەجێهێشتنی دڵدارەکەی لەم دێڕەدا دیارە و داوا دەکات پێیبڵێن بە دیداری شاعیر ناگاتەوە، کە ئەمە هەواڵێکی ناخۆشە بۆ هەردوولا. سووربوون لە سەر بڕیارەکەی لە دێڕی دووەم بە زەقتر بەدیار دەکەوێت و دەڵێت: «من ئەڕۆم و کە ڕۆیشتم. وەک چەم ئەڕۆم چەمیش ئاوڕ ناداتەوە.» ئاوڕنەدانە و نەگەڕانەوەی خۆی بە چەم چوواندووە، ئەمەش بەهۆی بێزاریی شاعیرە لە دەوروبەری، تەنانەت لە داروبەردی ئەو ناوچەیەی لێشی ژیاوە دەڵێت: «بێزارم.. بێزار.. لێرە لە دار.. لە بەرد» لەم دێڕەدا بە ڕوونیی دەڵێت: کە لە هەموو شتێک بێزارم و داروبەردی نیشتمان بەشێکە لەو بێزارییەی. جگە لە دڵدارەکەی، کە بەشێکی ئەم بڕیاردانە و بێزارییە و دەڵێت: «بێزار لە شارەکەی لە خۆی لە ئاوێنەو تەوقەو شانەو قژی نیگرۆی لە دەست و پەنجەی دەستەمۆی!.» بڕیاردان بۆ دوورکەوتنەوە لە شارەکەی، هۆکارەکەی تەنێ دڵدارەکەی نییە، بەڵکو هۆکاری سیاسیی و بارودۆخی نالەباری گوزەرانی شاعیرە لەو کاتەی تێیدا بووە، بەڵام دوورکەوتنەوە دەبێتە پاساوێکی تر بۆ ڕۆیشتن و دوورکەوتنەوە لەم شارە. شاعیر بێزاریی خۆی بەرانبەر ئەو شتانەش دەردەبڕێت، کە دڵدارەکەی بەکاری هێناون. دەستەمۆبوونی دەستوپەنجەی لەبەردەم ئەم دۆخەی هەردوو دڵدار تێیکەوتوون، هەستی بێزاریی لەلای شاعیر زیادتر دەکات، بڕیاری دوورکەوتنەوەی بەهێزتر دەبێت. لە ڕوانگەی سارتەروە ئەم

دۆخەی شاعیر تێیدا بووە، دۆخێکی ناسەقامگیر بووە. کەوتووەتە ژێر کاریگەریی دۆخ و گوزەرانی ژیانی و شاعیر ئازاد نەبووە. هەر بۆیە دەیەوێت دڵدارەکەی جێبهێڵێت، پێی وایە ئازادیی و دڵخۆشیی لە دەرەوەی ئەم شار و خۆشەویستییەیە.

**ئازادی و خۆشەویستی:**

خۆشەویستیی، یەکێکە لە پێداویستییە ڕووحیەکان، مرۆڤ بێخۆشەویستیی ناتوانێت ژیانی مانادار بکات، بۆ بەردەوامییدان بە ژیانی، هەمیشە بەدوای خۆشەویستییدا وێڵە. خۆشەویستیی بەبێ ئازادیی ئازار بەخشە، بە جۆرێک هەردوولا هەوڵی خۆبەسەردازاڵکردنی ئەویتر دەدەن. هەر بۆیە سارتەر پێی وابوو دەبێت لە خۆشەویستییدا ئازادیی هەبێت و هەردوو دڵدارەکە یەکتر نەکەن بە کۆیلەی خۆیان. هەروەها بەپێی بڕوای سارتەر، دوو جۆر خۆشەویستیی هەیە، یەکیان خۆشەویستیی ماسۆشیزمییە و ئەویتریان خۆشەویستیی سادیزمییە. (لە بەشی یەکەم ئەم بابەتە باسکراوە.) بەکر، وەک شاعیرێکی دڵدار، لە شیعرەکانی هەم دڵدارییەکی ماسۆشیستە، هەمیش سادیست. لە بەشێکی هەست بە ئازادیی دەکرێت و لە بەشێکیشیان ویستی خۆبەسەردازاڵکردن لەلای شاعیر بەدیار دەکەوێت. لە شیعری «سەفەر»دا شاعیر دەڵێت:

سەفەر سەلامەت.. گەر ئەڕۆیت
ئەگەرچی کە ئەمەم نەئەویست
ئای چ گێل بووم،
سەفەر خەمێ بوو، نەم ئەبیست.
دیدار ئاخر.. (بەکر عەلی: ٢٠١٥؛ ل٥٨)

ئەم پارچە شیعرەی سەفەر، وێنای ئەوەمان لەلا دروست دەکات، کە شاعیر ئازادیی ڕۆیشتنی داوە بە دڵدارەکەی، هەرچەندە حەسرەتبارە بەم کۆچەی و مانەوەی بەبێ دڵدارەکەی، بەڵام ئەمە واینەکردووە ڕێگریی بکات لە ڕۆیشتی دڵدارەکەی. ئەم ئازادییەش لەم دێڕە بە دیار دەکەوێت. «سەفەر سەلامەت.. گەر

ئەڕۆیت» هەر لە دێڕی دووەمدا نیازی خۆی پێدەڵێت، کە ئەو، ئەم سەفەرەی نەویستووە و بە شێوەیەکی ساویلکانە خۆی وێنا دەکات، کە بڕوای وانەبووە ئەمە ڕووبدات. «ئەگەرچی کە ئەمەم نەئەویست ئای چ گێل بووم». بەکر، بڕوای وانە بووە سەفەر ببێتە خەمێک بۆی هەر بۆیە دەڵێت: «سەفەر خەمێ بوو، نەم ئەبیست. دیدار ئاخر..» ئەگەر لە ڕوانگەی سارتەرەوە سەیری ئەم پاچە شیعرە بکەین، ئازادیی خۆشەویستیی لەلای شاعیر دەردەکەوێت بەوەی دوای ڕۆیشتنی هیوای سەفەرێکی سەلامەتیی بۆ دەخوازێت، بەڵام شاعیر لە ژێر نیگای دڵدارەکەی دابووە، هەرچەندە ویستی ئازادیی لە کۆتاییدا زاڵ دەبێت.

بەکر عەلی، لە شیعری «شەوی شەشەم»دا ویستی ئازادبوونی لە خۆشەیستیی دەردەبڕێت و دەیەوێت ئازاد بێت، چیتر لەژێر کاریگەریی خۆشەویستیی ئەوانیتر دانەبێت، چونکە خۆشەویستییەکەیان شەهوەتبازانە و بەرژەوەندخوازانەیە. لە شیعرەکەدا دەڵێت:

خۆشم ناوێن
هۆ ئەوانەی خۆشم ویستوون
لەم شەوەوە خۆشم ناوێن
ئێوە شەهوەت بە دەمارتانا ئەگەڕێ
خۆشم ناوێن
خۆشەویستیتان سەگێکە..
پێم ئەوەڕێ. (بەکر عەلی: ٢٠١٥؛ ل٤٧-٤٨)

بڕیاری خۆدەربازکردن لە خۆشەویستیی کەسانێکی بەرژەوەندییخواز، ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە خۆئازادکردنی شاعیرەوە هەیە، چونکە نایەوێت بکرێت بە ئۆبێکت و وەک کاڵایەک بەکار بهێندرێت بۆ سوودی خۆیان. هەر بۆیە بڕیاردەدات و دەڵێت: «خۆشم ناوێن هۆ ئەوانەی خۆشم ویستوون لەم شەوەوە خۆشم ناوێن»، ئەمە خۆنەجاتدانە لە ژێر نیگای ئەوانیتر. شاعیر ئازادانە بڕیار دەدات، کە چیتر ئەوانی خۆشناوێت، چونکە لەگەڵ ئەودا ناگونجێن و هەمیشە خۆشەویستیی ئەوان، ئازاربەخش بووە بۆ

ئـەو، بۆیـە دەیەوێـت ئـازاد بێـت. وەک لـەم دێـڕەدا دەڵێـت: «ئێـوە شـەهوەت بـە دەمارتانـا ئەگـەڕێ خۆشـم ناوێـن خۆشەویسـتیتان سـەگێکە.. پێم ئـەوەڕێ.» نـاو هێنانی خۆشەویستیی ئـەوان بە سـەگ و پێوەڕینی، دەلالەتـە لـەوەی لـە خۆشـەویستیی ئەواندا شـاعیر وەک ئۆبێکت بـەکار هاتـووە و لەژێـر هەژموونـی نیگای ئەوانیتـر دابـووە. بەڕوانگـە سـارتەریەکەیەوە، شـاعیر لـە خۆشـەویستیی ئـەوان ئـازاد نەبـووە، بـەڵام بەهـۆی بڕیـاری خۆشنەویسـتنیان ئـازاد بـووە. چیتـر وەک بابـەت بـەکار نایـەت، بەڵکو وەک بوونێکی ئازاد، خۆشـەویستیی دەکات، نـەک وەک بوونێکـی داگیرکـراو.
ئەگـەر سـەرنج بخەینـە سـەر هەسـتی ماسۆشیسـتییانەی بەکر عەلـی لـە خۆشـەویستییدا، دەتوانیـن هەسـتی پێبکەیـن و شـاعیر لـە ژێـر نیـگای دڵدارەکەیـدا بـووە، بـە واتایەکـی تـر، ئـازاد نەبـووە، وەک لـە شیعری»شـەوی سـێیەم» دەردەکەوێـت:

وەرە ئەمشـەو بممرێنە
تۆفانێ بەو ڕۆحیانەتم ڕاوەشێنە.
وەرە ئەمشـەو بممرێنە
گڕکانێ بە..
نەک هەر من و نامەکانم
دوا قانونی خۆشـەویستیش بسووتێنە. (بەکر عەلی: ٢٠١٥؛ ل٣٧)

لـەم پارچـە شـیعردا، هەسـتێکی ماسۆشـیانە بەسـەر شـاعیردا زاڵـە و داوا لـە دڵدارەکـەی دەکات بێـت و بیمرێنێـت، لەگـەڵ خۆیشـی نامـەکان و خۆشـەویسـتیی لەنـاو ببـات. لـە دێـڕی یەکەمـدا دەڵێـت: «وەرە ئەمشـەو بممرێنـە تۆفانـێ بـەو ڕۆحیانەتـم ڕاوەشـێنە.» شـاعیر داوا لـە دڵدارەکـەی دەکات، کـە ئەمشـەو بێـت و ڕووحـی لێبسـەنێت و بیمرێنـت. لـە دێڕەکانـی دواتـر جەخـت دەکاتـەوە و دەڵێـت: «وەرە ئەمشـەو بممرێنـە گڕکانـێ بـە.. نـەک هـەر مـن و نامەکانـم دوا قانونـی خۆشـەویسـتیش بسـووتێنە.» ئـەم دواکردنـەی بۆ لەناوبـردن و سـووتاندنی گشـت شـتەکان، هاوشـێوەی گـڕکان لـە دیدی سـارتەرەوە، هەسـتێکە دڵدارەکە چێـژ لـە ئـازاردان دەبینێـت، بـە دەسـتی خۆشـەویستەکەی و دەیەوێـت لەژێـر کۆنتـرۆڵـی ئەودابێـت و

هەمیشـە چاودێـر بێت بەسـەریەوە و لـە ڕێگـەی خۆشەویسـتییەوە ئـازاری بـدات، لـە کاتـی جیابوونـەوەش ئـەم هەسـتە دروسـت دەبێت بەوەی دڵدارەکە نایەوێت لە خۆشەویستەکەی جیاببێتەوە و هەمیشـە خـۆی بـە یادگاریـی و بیرەوەرییـەکان ئـازار دەدات.
جگـە لـەوەش دڵدارییی ماسۆشیسـت، چێـژ لـەوە دەبینێت خـۆی بکات بـە ئۆبێکـت و خۆشەویستەکەشـی بـکات بـە سـۆبێکت. ئـەم هەسـتە لـەم شـیعری «ترێـی تـاڵ» دەرەکەوێت. وەک دەڵێت:

کێ وەک من ئەکەوتە شوێنت؟
چ شیعرێکم گلێنەی تەڕمی نەدیووە!؟
ئەو شەوانەی منی باران
لە تنۆکێکما ئەمبردی و
دیجلەم ئەکردە پشتوێنت،
بۆ دیدەت نە ئەسووتانم؟
بۆ خۆت ئەدایە بەر نیگای
قەرەجێکی دەوارشین؟ (بەکر عەلی: ٢٠١٥؛ ل٧٦)

شـاعیر هەوڵیـداوە بـۆ دڵدارەکـەی چەنـدان قوربانـی و کاری گـەورە بـکات، جگـە لـەوەی ئـازار و ماندوویەتیـی دیـوە، لـە پێنـاوی ئـەوەوە، بـەڵام ئامـادەی ئـەوەی تێـدا بـووە خـۆی بـکات بەقوربانیـی و لەژێـر کاریگەریـی ئـەودا بەدوایـدا بگەڕێـت و بـۆ دووریشـیی بگرییێت. وەک دەڵێـت: «کـێ وەک مـن ئەکەوتـە شـوێنت؟ چ شـیعرێکم گلێنـەی تەڕمـی نەدیـووە!؟» شـاعیر، شـیعرەکانی دەکات بەشـایەت بەسـەر ئـازار و گریانەکانـی لـە پێنـاو خۆشەویسـتەکەی. جگـە لـە دێـڕی دوای ئـەودا بـە دڵدارەکـەی دەڵێـت: «ئـەو شـەوانەی منـی بـاران لـە تنۆکێکمـا ئەمبردی و دیجلـەم ئەکـردە پشـتوێنت،» شـاعیر، وێنـای باشـیی خـۆی بـە بـاران دەچوێنێـت، کـە چـۆن لـە تنۆکێکـدا بردوویەتـی و ڕووبـاری دیجلەشـی کردووەتـە پشـتوێنی دڵدارەکـەی. «بـۆ دیـدەت نـە ئەسـووتانم؟ بـۆ خـۆت ئەدایـە بـەر نیـگای قەرەجێکـی دەوارشـین؟» ئـەم دێـڕە جەخـت دەکاتـەوە لەسـەر ماسۆشیسـتیی شـاعیر، چونکـە دەڵێـت: بـۆ دیـدەت نەدەسـوتاندم؟ ئەمـەش بـۆ ئەوەیـە لـە ڕێگـەی چاوەکانـی نەکەوێتـە ژێـر نیـگای دڵدارەکـەی و ئـەم هەسـتەی بـۆ دروسـت نەبێـت، کـە خـۆی

بەم شێوەیە وابەستەی دڵدارەکەی بکات و چێژ لە ئازارەکانی خۆشەویستیی خۆی وەربگرێت.
لەلای بەکر عەلی، لە شیعری «شەوی چوارەم»دا هەستی سادیستیی زاڵ دەبێت، شاعیر دەیەوێت دڵدارە لەدەستچووەکەی هێشتا لەژێر ڕکێفی ئەودابێت و خۆی بە خاوەنی دەزانێت. دەیەوێت هەموو شتەکان سنووردار بکات، کە هەر شتێکی دڵدارەکەی ببەن بۆ لای کەسێکی تر، ویستی ئەوەی هەیە بوونی دڵدارەکەی لەژێر کۆنترۆڵی ئەودا بێت. شاعیر دەڵێت:

لەو مەقەستانە خۆش بووبم
پرچیان بڕیت.
لەو کوڕە پانتۆڵ فشانەی
دڵیان دزیت..
لەو ڕەشەبایەش خۆشنابم
تەنیا شەوێ
لە حەوشەتانا نووستبێ،
بۆنی تەوێڵ و
پەرچەم و
هەناسەتی..
بۆ کەسێکی کە بردبێ!.. (بەکر عەلی: ٢٠١٥؛ ل٤١)

شاعیر، لەم شیعرەدا بەهۆی دابڕانی لە دڵدارەکەی، هەستێکی سادیستانەی بۆ دروست بووە، بەتایبەت دوای دزینی دڵی دڵدارەکەی لەلایان کوڕە پانتۆڵ فشەکانەوە. ئەو، هەستی غیرەکردنی بەسەریدا زاڵ بووە، هەر ئەمەش بەرەو خۆشەویستیی سادیستیی بردوویەتی. بە جۆرێک دەیەوێت سزای هەموو ئەو شتانە بدات، کە دڵدارەکەی ئازار دەدن و لێی دوور دەخەنەوە. تەنانەت لە سروشتیش خۆشنابێت. ئەم سانسۆر و غیرەکردنە لە کاتی دڵدارییدا وادەکات دڵدارەکەی هەمیشە لە ژێر نیگای ئەودا بێت و خۆی بەسەردا زاڵ بکات. ئەمە زیاتر ئەقڵیەتێکی پیاوسالارانەیە، بە جۆرێک خۆی بەخاوەنی دڵدارەکەی دەزانێت و تاڕادەیەکیش ئازادییەکانی سنووردار دەکات. لە خۆشەویستیی سادیستییدا

لـە كاتـی پێوەندیـی و دوای پێوەندییـش خـۆی بـە خـاوەن دڵدارەکـە دەزانێت. بەکر عەلی دەڵێت: «لـەو مەقەستانە خۆش بووبم پرچیان بڕیـت. لـەو کـوڕە پانتـۆڵ فشـانەی دڵیـان دزیـت..» لـە ڕوانگـەی سـارتەروە، لـە خۆشەویسـتییدا دەبێـت دڵـدارەکان ئـازاد بـن لەهـەر کاتێـک بیانەوێت جیاببنـەوە، نـەوەک بـەزۆر لـەلای یەکتـر بمێننـەوە. بەکر عەلی، کـە دەڵێت خۆشـنابم لـەو کـوڕە پانتۆڵ فشـانەی دڵیـان دزیـت هەسـتێکی پیاوسـالارانەی کۆمەڵگـەی کوردیـی پێـوە دیـارە، نایەوێـت ئـەم کچـە جگـە لـەو، لەگـەڵ هیـچ کورێکـی تـر پێوەندیـی هەبێـت.

ئەمـەش داگیرکـردن و خۆزاڵکردنـە بەسـەر بوونـی ئـەم کچـە، بـە جۆرێـک ئازادییـی هەڵبژاردنـی لێزەوت کـراوە. لـە دێڕەکانـی دواتـردا ئـەم هەسـتەی تەنیـا لـە مـرۆڤ ناوەسـتێ و لـە سروشـتیش خـۆش نابێت، ئەگـەر بۆنـی دڵدارەکـەی بـۆ کەسـێکی تـر بردبێـت، وەک دەڵێـت: «لـەو ڕەشـەبایەش خۆشـنابم تەنیا شـەوێ لـە حەوشـەتانا نووسـتبێ، بۆنـی تەوێـڵ و پەرچـەم و هەناسـەتی.. بـۆ کەسـێکی کـە بردبـێ!..»، شـاعیر لـە دۆخێکـی سادیسـتیی دایـە، هـەر بۆیـە هەوڵـدەدات هەمـوو شـتەکان لـە ژێـر ڕکێفـی ئـەو دابـن و وەک ئۆبێکـت مامەڵـە لەگـەڵ دڵدارەکـەی بـکات، واتـە ئازادییـی خۆشەویسـتیی بـەدی ناکرێـت، لـە پۆلێنـی خۆشەویسـتیی سـارتەردا ئـەم خۆشەویسـتییە دەچێتـە خانـەی خۆشەویسـتیی سادیسـتییەوە.

ئەخلاق و بەرپرسیاریەتیی:

مـرۆڤ، لـە ژیانیـدا بەرپرسـە لـە بڕیارەکانـی و ڕاسـتەوخۆ ئـەم بڕیـاردان و هەڵبژاردنانـەی دەیکات، وابەسـتەیە بە پرسـی ئەخلاقەوە. ئەخلاقیـش پرسـە تایبەتیـی و گشـتییەکان دەگرێتـەوە. بـە دیتگـە سـارتەریەکەیەوە، ئەخـلاق شـتێکی ئامادەکرا و لەقاڵبدراو نییـە، بەڵکو وابەسـتەیە بـەو بارودۆخـەی، کـە مـرۆڤ تێیدایـە. سـارتەر بنەمـا ئەخلاقیەکانـی دیاریـی نەکـردوون بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ لـە بڕیـار و هەڵبژاردنەکانی پشـتی پێببەسـتێت، بەڵکو بەشـێوە گشـتییەکەی دەبێت بڕیـارە ئەخلاقیـەکان لـە بەرژەوەندیـی مرۆڤایەتیـی دابێـت، چونکـە

هەر بڕیارێک بەرپرسیاریەتییە، ئاڕاستەی کۆمەڵگە و مرۆڤایەتیی دیاریی دەکات. بەکر عەلی، وەک شاعیرێک لە ژیانی خۆیدا، پشگیریی خەڵکی گەڕەکی حامیەی کردووە و وەک بەرپرسیاریەتیی و ئەرکێکی ئەخلاقیی سەیری پرسەکەی کردووە، جگە لەمەش لە کۆبوونەوە و خۆپێشاندانەکان بۆ پشگیریی هەژاران بەژداریی کردووە. ئەم کارانەشی لە شیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە و شیعر وەک بەرپرسیاریەتیی دەبینێت. هەر بۆیە لە شیعری «ترێی تاڵ»دا لە شیعرەکانی دەدوێت و دەڵێت:

بیستوومە گوایە پێم ئەڵێی:
شاعیرێکی تەواو تەریوو..
خۆپەرستە، گێلە، سستە
ئەمەو.. ئەوە.. و ئەوەیەتی
پرچ و شەو و ڕەق و جوێن، ناسنامەیەتی..
شیعرەکانم ترێی تاڵن
نابنە گوللە..
نابنە قامچی و قەپ و باروت
سندوقێکن
پڕن لە پێڵاو و پێک و ئافرەتی ڕووت.! (بەکر عەلی: ٢٠١٥؛ ل٧٣)

شاعیر، لە وەڵامی دڵدارەکەی خۆیدا، خۆی بێبەریی دەکات لەو قسە و قسەڵۆکانەی بۆی داتاشراون و لە لایەن دڵدارەکەی پێی بانگکراوە، شاعیریش لەم سۆنگەیەوە وەڵامی دڵدارەکەی داوەتەوە و خۆی بێبەریی کردووە، خۆی بە شاعیرێکی بەرپرسیار و پابەند بوو بە ئەخلاقەوە وێناکردووە. دڵدارەکەی شاعیر بەم شێوەیە وەسفی بەکری شاعیری کردووە «شاعیرێکی تەواو تەریوو.. خۆپەرستە، گێلە، سستە ئەمەو.. ئەوە.. و ئەوەیەتی پرچ و شەوو ڕەق و جوێن، ناسنامەیەتی..»، لە کۆمەڵگەی کوردییدا کەسێکی بەم جۆرە پەسند کراو نییە، بەمەش دەکەوێتە بەر ڕەخنەی کۆمەڵگەوە، بەهۆی پابەندنەبوونەوە بە ئەخلاقی کۆمەڵگەی نەریتیی ئەوکاتی کوردییەوە. بۆیە لە دێڕەکانی دواتر، وەڵامی دڵدارەکەی دەداتەوە و خۆی بە شاعیرێکی بەرپرسیار وێنا دەکات

و دەڵێت: «شیعرەکانم ترێی تاڵن نابنە گوللە.. نابنە قامچی و قەپ و باروت سندوقێکن پڕن لە پێڵاو و پێک و ئافرەتی ڕووت.!» شاعیر، شیعرەکانی بە ترێی تاڵ چوواندووە، کە زیاتر مەبەستی ئەوەیە وەک شەڕابی ترێ مەستکار و سەنجڕاکێشن. لە درێژەی دێڕەکانی تردا شیعرەکانی وا وێناکردووە، کە لە دژی کۆمەڵگە بەکاری ناهێنێت، شیعرەکانی وەک گوللە، قامچی و باڕووت نین تا دژی مرۆڤایەتیی بەکاری بێنێت، بەڵکو شیعرەکانی بە ئەخلاق و بەرپرسانە دەنووسێت و دەڵێت: «سندوقێکن پڕن لە پێڵاو و پێک و ئافرەتی ڕووت.!» شیعرەکانی لە سندووقێک دەچن، کە پڕە لە پێڵاو، کە دەشێ مەبەستی باسکردنی سەختی ژیانی بێت و لەگەڵ پووچیی ژیان و پێک بۆ مەستییکردن و ژنیش وەک بەشێکی دانەبڕاو و دڵدارانە، هەمیشە بوونیان هەبووە لە شیعرەکانی دا.
بەکر عەلی لە شیعری «میوانداری» ڕووی دەمی دەکاتە نیشتمان و دەڵێت:

ئەی جەنگەڵی وڵاتەکەم
بەمن بایە.. لەناو لەپما بتڕوێنم،
تا دارکەن نەیڕنیتایە..
بەڵام ئاخر..
من کێم، لە شاعیرێک زیاتر؟!
ئەی وڵاتە بچکۆلەکەم
تۆ ئەی تەوێڵی قاش قاشم
بەمن بایە،
لە پێناوتا چەمێ قوتدەم
شارێک بە زمان بماڵم
پەیکەرێکت لە فرمێسک بۆ بتاشم (بەکر عەلی: ٢٠١٥؛ ل٨١)

شاعیر، لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتیی، بەرانبەر نیشتمان دەدوێت و ئامادەی ئەوەی تێدایە، کە چەندان شتی گەورەی بۆ بکات، ئەمە وەک ئەرکێکی ئەخلاقیی و بەرپرسیاریەتیی بەرانبەر نیشتمانەکەی، وەک دەڵێت: «ئەی جەنگەڵی وڵاتەکەم بەمن بایە.. لەناو لەپما بتڕوێنم، تا دارکەن نەیڕنیتایە.. بەڵام ئاخر.. من

کێم، لە شاعیرێک زیاتر؟!» ئەگەر لە دەسەڵات و توانای ئەودابوایە، نیشتمانەکەی لەناو دەستەکانی دەپاراست و نەیدەهێشت دارەکانی بڕنایە، بەڵام خۆی وەک شاعیرێکی بێدەسەڵات دەبینێت.
لە دێڕی دواتردا هاواری نیشتمانەکەی دەکات و دەڵێت: «ئەی وڵاتە بچکۆلەکەم تۆ ئەی تەوێڵی قاش قاشم بەمن بایە، لە پێناوتا چەمێ قوتدەم شارێک بە زمان بماڵم پەیکەرێکت لە فرمێسک بۆ بتاشم».
هەستی بەر پرسیاریەتیی لەم دێڕە بەدیار دەکەوێت، کە شاعیر بۆ دۆخی وڵاتی خەمبارە و نیازی پاراستن و بەرپرسیاریەتیی پێشان دەدات. لە دیدی سارتەرەوە، ئەم شیعرە هەستی بەرپرسیاریەتیی و ئەخلاقبوونی تێدایە، چونکە شاعیر بەرپرسیار بووە بەرانبەر وڵات و نیشتمانەکەی.
هەوڵمانداوە تیۆری بوونخوازیی لە شیعرەکانی بەکر عەلییدا بەکاربهێنین، بۆ دەرخستنی تێگەکانی ئازادیی لە ڕوانگەی سارتەرەوە. بۆ ئەوەی بگەین بە ئەنجامگیریی و بەرجەستەکردنی ئازادیی لە شیعرەکانی شاعیردا.

**ئەنجام**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا:
_ لە ڕوانگەی بوونخوازیی سارتەرەوە، دەقە شیعرییەکانی بەکر عەلی، ئازادیی و دەستەمۆنەبوون لە بەشێک لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێت و ڕەنگی داوەتەوە. هەرچەندە لە بەشێکی تری شیعرەکاندا، شاعیر لەناو ئەو واقیعەی تێیدایە ئازاد نییە، ئەم ئازادنەبوونەی لە شیعرەکانیدا بەرجەستە دەکاتەوە، تاوەکو لەناو شیعردا ئازاد بێت.
_ بەکر عەلی، بەهۆی ئەو ئەزموونەی، کە زۆربەی ژیانی ئازار، نەداریی و سەختیی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی بووە، هەستی بێزاریی لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. بەهۆی پاڵنەری سەختی ژیان و واقیعی کۆمەڵگە، بەرپرسیارانە بەرانبەر بە بوونی خۆی هەڵبژاردنی نەکردووە.

_ لە بەشێک لە دەقە شیعرییەکانی بەکر عەلییدا، ئازادیی لە بڕیاردان بەدی دەکرێت و بەرپرسیارانە دەرەکەوێت، بەرانبەر مرۆڤایەتیی. بەڵام لە بەشێکی تردا ئازادانە بڕیار نادات و لەژێر کاریگەریی بارودۆخ و کۆمەڵگە بڕیار دەدات.
_ بەکر، وەک شاعیرێکی دڵدار، بەگشتیی شیعرەکانی دڵدارییین. لە ڕوانگەی سارتەرەوە، لە شیعرەکانی هەم دڵدارێکی ماسۆشیستە و هەمیش سادیست. لە بەشێکی هەست بە ئازادیی دەکرێت و لە بەشێکیشیان ویستی خۆبەسەردازاڵکردن لەلای شاعیر بەدیار دەکەوێت، ئەمە پێوەندیی بە کۆیلەکردن و خستنەژێرڕکێفی خۆیەوە هەیە لە ئەشقدا.
_ شاعیر لە دەقە شیعرییەکانیدا، بە چاوی بەرپرسیاریەتیی و ئەخلاقییانەوە لە شیعری ڕووانیووە، هەستی بەرپرسیاریەتییکردن بەرانبەر مرۆڤبوون و نیشتمان، لە توێژینەوەکەدا خراوەتەڕوو.

**سەرچاوەکان:**

**کتێبەکان:**

_ پۆڵ ستراتێرن، کیرکەگۆر نیچە سارتەر، و: ئازاد بەرزنجیی، چاپی دووەم ٢٠٠٩، چاپەمەنی گەنج / سلێمانی.
_ ت. ز. لاڤین، لە سوقراتەوە تا سارتەر، و: ئارام مەحمود ئەحمەد، فەلسەفە بۆ هەمووان، چاپی یەکەم ٢٠١٧، چاپخانەی حەمدی.
_ جۆرج لۆکاچ ئەوانیتر، ئیگزستانسیالیزم، و: کارزان کاوسێن ئەوانیتر، چاپی یەکەم ٢٠١٨، چاپخانەی حەمدی.
_ جۆن ماکوای، فەلسەفەی بوونگەرایی، و: ئازاد بەرزنجی، چاپی دووەم ٢٠٠٧، دەزگەی چاپ و پەخشی سەردەم / سلێمانی.
_ رەمازان سەباغ، پابەندبوو لە ئەدەب و هونەردا، و: ئاری عوسمان خەیات، چاپی یەکەم ٢٠٠٨، چاپخانەی یاد.
_ ژان پۆڵ سارتەر، بۆدلێر، و: زاهیر مەحەمەد ڕەشید، چاپی یەکەم ٢٠٠٦، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا / سلێمانی.

_ فوئـاد كاميـل عەبدولعەزيـز، چەنـد فەيلەسـووفێكی بووگـەرا، و: سامان عەلی حامید، چاپی یەکـەم ٢٠٠٥، دەزگـەی چاپ و پەخشی سـەردەم / سـلێمانی.
_ مقداد حەمەسالّح، ئیسـتاتیکا، چاپی یەکـەم ٢٠١٣، چاپەمەنی گەنج / سلێمانی.
_ مهیـرداد میهریـن، قوتابخانـە فەلسـەفییەکان، و: سـیدۆ داود عەلـی، چاپی یەکـەم ٢٠٠٩، چاپەمەنـی گەنـج / سـلێمانی.
_ مۆریـس کرانسـتۆن، سـارتەر لـە نێـوان فەلسـەفە و ئەدەبـدا، و: سامان عەلی حامید، چاپی یەکـەم ٢٠٠٨، چاپەمەنی گەنج / سـلێمانی.
_فەرەیـدون عـارف، کاسـکێتەکەم بسـپێرن بـە پاییـز، چاپـی دووەم ٢٠١٥، چاپخانـەی تـاران، ناوەنـدی غەزەلنـووس بـۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوە.
_ ژان پۆڵ سـارتەر، ئـەدەب چییـە؟، و: مستەفا غەفوور، چاپی یەکەم ٢٠٠٩، چاپخانـەی خانیی/ دهۆک.
_ فوئاد سورخی، ماسییەکان پێدەکەنن، چاپی یەکەم ١٩٩٣.
_ هەرێـم عوسـمان، نیشـتمان ی فەلسـەفە، چاپـی یەکـەم ٢٠١٤، چاپخانـەی تـاران.
_ محەمەد کەمال، فەلسەفەی سارتەر خوێندنەوەیەکی نوێ